بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر-سلێمانی



با لە داهێنانەکانیەوە مەولەوی زیاتر بناسین

دیداری مەولەوی-٢٠١٠ زاینی

# مەولەوی
# ویەخشانی کوردی

حەکیم مەلا صالح

MAWLAWI.KRD

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# مەولەوی

## و پەخشانی کوردی

ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی

حەکیم مەلا سالح

ئەم بابەتە پێشتر بۆ یەکەمجار بڵاوکردووەتەوە

MAWLAWI.KRD




ناوی کتێب: مەولەوی و پەخشانی کوردی

بابەت: دەق و لێکدانەوە

ساسغکردنەوەی: حەکیم مەلا ساڵح

تایپ و دیزاین: فرهاد عبدالکریم

پیت چنین بنار حسن

چاپخانە: سەنتەری کوردۆنیا

ساڵی چاپ : (۲۰۱۰ )

ژمارەی سپاردن ( ۱٦٨۹ )ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە



مافی بلاْوکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر


- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -


✍ Type & Design: frahad_halabja@yahoo.com
☎ 07501171732

## پێشکەشە

بەگیانی پاکی خوایار مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کە ماوەیەك لە تەمەنی بەخشی بە زیندوو کردنەوەی بەرهەمەکانی مەولەوی.

MAWLAWI.KRD

## پێشەکی

دیارە هەموو ئەوە دەزانین کە زمانی کوردی بە هۆی ئەوەی لە بەرامبەر زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا بۆتە زمانی دووەم، کاری کەمی لەسەر کراوە و کێشی ئەم زمانە هەر ئاستی شیعر بووە. شیعرەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان تا ئێستەشی لەگەڵدا بێت بە تەواوی ساغ نەکراونەتەوە و چاوەڕوانی پێداچوونەوەی جیدی دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر شاعیرمان هەیە تا ئێستە هەر ناویان دیارە یا هەندێکیان بەبڕێ شیعرەوە دەبینین.

ئەم نەهامەتیە لە داگیر کردنی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە و داگیر کاران بە هەموو هەوڵێکیان بواریان وەها ڕەخساندووە کە زمانی کوردی هەمیشە زمانی دووەم و ناوچەیی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ بوێژی هەستیارمان تێدا هەڵکەوتووە- کە یەکێکیان مەولەوییە- بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە قەڵەمیان جووڵاندنەوە و بەرهەمی جوانیان بۆ بەجێ هێشتووین.

مەولەوی لە زماندا هێندە دەوڵەمەند بووە کە پێش خۆی و ڕۆژگارێکی درێژیش دوای خۆی کەس نەیتوانیوە وەکو ئەو (الفضیلة) بە عەرەبی و (الفوائح) بە فارسی بنووسێ. ئەمە جگە لەوەی لە زمانی کوردیشدا بە هەردوو شێوەی (گۆران- هەورامی) و(جاف) قەڵەمی خستۆتەگەڕ. بە هەورامی دیوانێکی نایابی قەسیدە

و غەزەل و چوارینەو تاك بەیتی لە پاش بەجێ ماوە و بەشێوەی جافیش (العقیدة المرضیة) و ئەم پەخشان و شیعرانەی بۆ کردووینەتە دیاریەکی ناوازە و سەرسوڕ هێنەر.

ئەوە لە هەورامیەکەدا قسەمان نیە، چونکە زۆر لە پێش مەولەویەوە شیعری پێ گوتراوە و تا ئێستەش هەندێ برەوی هەرماوە، بەڵام لەمبارەوە ئەوەمان لا بڕاوەتەوە کە لە ڕووی هونەری و ئێستەتیکیەوە گرەوی لەسەر جەم شاعیرانی هەورامی وێژی پێش خۆی و دوای خۆیشی بردۆتەوە و تڕۆپکی گرتووە.

بەشێوە جافیەکەیش، ئەوا ئەم شێوەزارە بەر لە مەولەوی تەنیا زمانی ئاخافتنی هۆزەکۆچەری و نیشتەجێ بووەکانی جاف بووە و زمانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بووە، نەك ئەدەبیاتی نووسراو، بەڵام ئەم پیاوە خوا بە کورد داوە ڕەحمەت لەو گۆڕەی بەوەوە نەوەستاوە کە تەنیا بە شیعر گوڕ بدات بەم شێوەزارە کارپێنەکراوە، بەڵکو بە پەخشانیش ئاوڕی لێداوەتەوە و کاری لەسەر کردووە.

بەم پێودانگە مەولەوی دەبێتە یەکەمین و دەوڵەمەندترین بوێژی کورد لە ڕووی زمانەوە. بالێرەدا لەسەر بەیتە شیعرێکی شاعیری گەورە نالی بوەستین کە دەڵێ:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە**

**(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە**

(دیوان ل٥٧٧)

ڕاستە نالی مەزن زمانێکی پڕ لە ڕەمز و ڕاز و سیحراوی هەیە، بەڵام لە تێڕوانینی ئەم بەیتە شیعرەدا ئەوە دەر دەکەوێت کە هێندە شیعری بە (فارسی) و (عەرەبی) لە پاش بە جێ نەماوە کە لەگەڵ کوردیەکەیدا پێ ی بووبێتە فەرمانڕەوای سێ موڵك. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە تا ئێستە -ئەگەر بە دێڕێکیش بێت- کەس پەخشانی لەنالی بە جێماوی نەدیوە. کەواتە ئەم ئیدیعایە دەبوو مەولەوی بیکردایە، چونکە ئەو بەرهەمانەی بۆ بەجێ هێشتووین کەناومان بردن. ئەمە جگە لەوەی کە بەرهەمێکی تازەی دۆزراوەتەوە لە قەبارەیەکی گەورەدا قامووسێکی عەرەبی -فارسی بە شیعر نووسیوە و پێشکەشی (ئەمانوڵڵا خانی دووەم) والی ئەردەڵانی کردووە. ئەم بەرهەمەش لای کاك دکتۆرسەباح بەزرنجییە کەسەر گەرمی ساغ کردنەوەیەتی، خوا دەستی بە باڵیەوە بگرێت*.

مەولەوی شاعیرێکی زمان پڕاو بووە، بە هەر زمانێك لەو سێ زمانەی کوردی و عەرەبی و فارسی، لە هەموو شیعرێکیدا هەوڵی داوە

---

* کاك محەمەد عەلی قەرەداغی پێ ی وایە کە ئەم قاموسە شیعرییە بەرهەمی مەولەوی تاوگۆزی نیە، بەڵکو بەرهەمی مەولەوییەکی دیکەی کوردە. ئێمە لە وەڵامدا تەنیا ئەوە دەڵێین: کە ئەگەر کورد مەولەویەکی دیکەی هاوچەرخی ئەمانوڵڵا خانی دووەمی ئەردەلانی هەبوایە ئەوا ناوی لە (حەدیقەی ڕەونەق)دا دەهات، یاخود لە شیعرەکەی حاجی قادری کۆییدا کە ناوی شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی تۆمار کردووە، بڕوانە دیوانی حاجی (ل ١٨٥ – ١٩٢).

ئەمە جگە لەوەی ناوی مەولەوییەکی تر لە (حەدیقەی سوڵتانی) و (مێژووی ئەدەبی کوردی-سەجادی) و هەردوو مێژووەکەی (بورەکەیی) و (د. مارف خەزنەدار) دا نیە. ئەگەر مەولەوییەکی گەورەی وەها بووبێت کە هاوچەرخی ئەمانوڵڵا خان بووبێ و حاجی قادری کۆیی لەو سەردەمەدا ژیابێ چۆن ناوی نابات؟؟...

بۆ ئەو مێژووەش کە بە (غەریز) و (غەزیر) دیاری کراوە دەبێ چی بێت؟؟

که هونەری بەرز و باڵا ئاراستە بکات. کاتێك کە دەبینین بە دوو زمانی عەرەبی و فارسی (الفضیلة) و (الفوائح) بە شیعر دەهۆنێتەوە، لە خوێندەوەیاندا واهەست دەکەیت ئەم دوو زمانە زمانی دایکی بوونە، چونکە ئەوەندە دەستەڵاتی بەسەریاندا شکاوەتەوە و بە ئاسانی و زۆر بەسەرکەوتوویی یاری هونەریانەی بە هەردووکیان کردووە و هەردوو زمانەکە لە دەستیدا وەك مۆم وابوونە. لەم ڕووەوە ئەگەر بەراوردێك لە نێوان شاعیرێکی عەرەب بەناوی (ابن مالك) کە (الفیه)ی هۆنیوەتەوە بکەین لەگەڵ (الفضیلة)کەی ئەم شا شاعیرەماندا، ئەوا بێ لایەنگیریی و دەمار گرژی دەتوانین بڵێین کە (الفیه) بۆ ئاسمان ڕوانینی (الفضیلة) کلاوی لەسەر دەکەوێتە خوارەوە، ئەمە لە ڕووی هونەری و ئێستەتیکی شیعرییەوە، لە ڕووی ژمارەی شیعریشەوە ئەوا هەر مەولەوی پێشی (ابن مالك)ی داوەتەوە، چونکە ژمارەی بەیتەکانی (الفیه) هەزار بەیتە شیعرە، بەڵام (الفضیلة) -٢٠٣١- بەیتە کە دوو ئەوەندەی ئەو زیاترە.

پێشتر مەولەویمان ناسیبوو بە پەخشان نووسێکی سەرکەوتوو بە هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی لە شێوەی نامەدا کە بۆ دۆست و خۆشەویستەکانی نووسیبوونی. خوایار ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەبەرگی دووەمی (یادی مەردان)دا چەپکێ نامەی بە فارسی نووسراوی بڵاو کردۆتەوە. بەندەش لە کتێبی (مەولەوی و تەقینەوەی زمان)دا چەند نامەیەکی بە عەرەبی نووسراویم بڵاو کردۆتەوە، کە لەم دووسەرچاوەیەدا دەستەڵاتێکی تری مەولەوی

دەردەکـەوێت بەسـەر ئـەو دووزمانـەدا. ئێستەش لـەم بەرهەمـەی بەردەستماندا توانایـەکی دیکـەی شـاعیرمان دێتـە پـێش چـاو بەسـەرزماندا کـە نووسـینی عەقیدەیەکـە بـە شـێوەزاری جـافی.ئـەم بەرهەمـە ئەوەنـدەی مـن دەیبیـێتم تـەنیا لـە (بـەیاز)ی بنەماڵـەی سەییدەکانی (باینچۆ)دا نووسراوەتەوە، ئەم قسەیە لەو ڕووەوە دەکەم کە خۆم (٤٢) بەیاز و کەشکۆڵم لەلایە جگە لەو دەیان بەیازەی کە لە ناوچەکانی (جوانڕۆ)، (کولیلیی) ،(بان لـەیلاخ) ،(گـەڕووس) (سنە)، (هـەورامان)، (سـاراڵ)، (هۆبـەتوو)، (خوڕخـوڕە)، (تیـژ تیـژ) دیتـومن و پێیاندا چوومەتەوە لە هیچ کامێکیاندا نەبووە. نوسخەی کۆپی کراوی ئـەم بـەیازەم لەلایـە و سـاڵی ١٩٩٥ لەڕێگـەی شـاعیر و هونەرمەنـد مامۆسـتا (ڕەحیمـی لوقمـانی)یـەوە دەسـتم کـەوت. کـە جگـە لـەم پەخشانە بەشێکی زۆری بەیازەکەش تـەرخان کراوە بۆ نووسینەوەی شیعرەکانی ئـەم شاعیرەمان. بەیازەکـە لـە (٢٢٥) لاپـەڕە پێکهـاتووە. هـەر لاپەڕەیـەکی (١٥)یـا کـەمتر بەیتـە شـیعری تێدا نووسـراوە و بـە پوختـەیی هـەڵگیراوە و بـە ئاسـانی دەخوێنرێتـەوە.بۆ یەکـەمجار ئـەم پەخشانە بەکەم و کورتی و هەندێ هەڵەوە لەلایەن کاک محەمەد عەلی قەرەداغییەوە بلاو کراوەتەوە. بڕوانە (بوژاندنـەوەی مێژووی زانایـانی کـورد لـە ڕێگـەی دەسـتخەتەکانیانەوە –بـەرگی هەشـتەم– ل ١٥٩– ١٦٦).

ئێمە لێرەدا کەم و کورتی و هەڵە لە دەست دەرچووەکانی کاک محەمەد عەلی – ڕاست دەکەینەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

یەکەم: پەخشانەکە لای کاک محەمەد عەلی دوو لاپەڕەی لێ پەڕیوە کە لای ئێمە هەن. هەرچەندە لای ئێمەش دوا لاپەڕە نیە.

دووەم: لای ئەوان شیعرەکانی کۆتایی پەخشانەکە نیە، ئێمە بلاّوی دەکەینەوە.

سێیەم: ئەو وشەو دەستەواژانەی ئەوان بۆیان نەخوێنراوەتەوە، لە پەراوێزی پەخشانەکەدا راستیان دەکەینەوە.

MAWLAWI.KRD

## قوتابخانەی شیعری گۆرانی

گۆران مەبەست ئەو دیالێکتەی زمانی کوردیە کە (هەورامی، شەبەك، زازا، زەنگنە، باجەلان و کاکەیی) دەگرێتەوە. دوای ئەو هەندە شیعرەی کە باباتایەری هەمەدانی بە لوڕی ـلەکی لێی بەجێماوە کۆنترین تێکستی شیعری لە مێژینەی گەلەکەمان بەزاری گۆران بووە. بەڵام ئەگەر پارچە شیعری (هورمزگان ڕمان) و ئەو چەند شیعرەی (پیرشاریاری زەردەشتی) ساغ بکرێتەوە و بەبەڵگەی مێژوویی بسەلمێنرێن، ئەوا شیعروتن بەگۆرانی پێش باباتایەریش دەکەوێت و بەوەش مێژوویەکی دیکەمان دەکەوێتە دەست.

من لێرەدا لەمە زیاتر نامەوێ بچمە ناو باسێکی ئاڵۆزەوە و درێژەی پێبدەم، بەڵکو قسەم ئەوەیە بە درێژایی ئەو مێژووەی کە شیعری بەزاری گۆران پێگوتراوە تا ئێستەشی لەگەڵدا بێت هیچ شاعیرێکیان (واتە شاعیرانی گۆران) نەیانتوانیوە بە ئەندازەی (مەولەوی) جوانی و هونەر ببەخشن بەشیعر.

ئەگەرچی زەوقی شیعری و هونەر لای شاعیرانی وەکو (بێسارانی) و (خانای قوبادی)یش دەبینرێت، بەڵام ئەمانیش بەپایەی مەولەوی ناگەن، چونکە مەولەوی زۆر زاڵتر بووە بەسەر ئێستەتیکای شیعریدا و مامەڵە کردنی لەگەڵ وشەو ڕستە و وێنە و واتاو سەرجەم هونەرە بەلاغیەکاندا لە ئاستێکی بەرزتردایە. ئەم بلیمەتە بەو پەڕی هۆشیارییەوە شیعرەکانی بە کلاوەی هونەر گەیاندووە و قوتابخانەیەکی دامەزراندووە کە بە ئاسانی ناو دەنرێت قوتابخانە، چونکە لە حوجرەی دیوانەکەیدا دەنگی ئەوانی دیکە کز دەکات و هەر خۆی دەبێتە خاوەن دەنگ و ڕەنگی تایبەت.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەم قوتابخانە شیعرییە بۆچی بەمەرگی مەولەوی کۆتایی هات؟ یاخود بۆچی قوتابخانەی بابان کەوتە گەشەونەشە و بۆ دواجار گرەوی لەم قوتابخانەیە بردووە؟

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە مەولەوی بوو بە دواهەمین میراتگری شیعری گۆران و کەسی بە دوادا نەهات کە درێژە بە جوانی و هونەرەکەی ئەوبدات. ئەو شاعیرانەی بە دوای ئەمدا هاتن دەتوانین ناویان بێنین وەکو (میرزا ئەولقادری پاوەیی، خەستەی خانەگایی، ئینجە گەلاڵی، فەقێ قادری هەمەوەندی، ئاغا عینایەت، میرزا ئەحمەدی داواشی، عەبدوڵڵا بەگی هەورامی، میرزا ئەولقادری تەوێڵەیی...) ئەمانە هیچیان نەیانتوانیوە سوود لە بەهرەی مەولەوی وەربگرن و شیعری هیچ کامیشیان بەپای بەیتێکی ئەمدا ناگەن. نەك

هەر ئەمە، بەڵکو هونەرەکەشیان لەتاقە بەرزەکەی مەولەوییەوە داگرت بۆ زمانێکی سادەو بێ زەوق و دوور لە هەموو ئێستەتیکایەك.

لێرەوە دەچینە سەر وەڵامی پرسیاری دووەم کە گەشەو نەشەکردنی قوتابخانەی بابانە. ئەم قوتابخانەیە لەسەردەمی ژیانی مەولەویدا لەشاری سلێمانی دامەزراوە، لەسەردەستی (کوردی، نالی، سالم)*، بەڵام هۆی گەشە کردن و زاڵ بوونی بەسەر شیعری گۆراندا ئەوەیە کە دوای ئەم سێ شاعیرە (مەحوی، وەفایی، حاجی قادری

---

* بەپێچەوانەی بیروڕای هەندێ کەسەوە کە (نالی) بە دامەزرێنەری قوتابخانەی بابان دادەنێن، من پێم وایە کە مستەفا بەگی کوردی بووە. هەروەکو ئێستە دەڵێین (شێخ نوری) و هاورێکانی شیعری کوردییان نوێ کردەوە، بەڵام (گۆران) گەیاندیە لوتکە. بۆ ئەوەش هەروا بووە، واتە (کوردی) دایمەزراند، بەڵام (نالی) بە لوتکەی گەیاند. سێ بەڵگە بەدەستەوەن کە کوردی دەست پێشکەر بووە لەو بوارەدا.

یەکەم: شاعیری ئەو ڕۆژگارە حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

شەهسەواری بەلاغەتی کوردان
یەکە تازی فەساحەتی بابان
مستەفایە تەخەللوسی کوردی
غەزەلی کردە بەربووتی کوردی
ناوی ساحێبقڕانی خاسی ئەوە
چونکە لەم عەرسە ئەسپی ئەو بەدەوە
ئەو کە نۆشی شەرابەکی تاڵی
نالی لەو عەرسەدا بووە تالی. دیوان — ل١٨٥.

لێرەدا دەردەکەوێت پلەی یەکەم بە کوردی دراوە و دووەم بە نالی.

دووەم: (حەمدی) کە دەبێتە برازازای کوردی دەڵێ:

خەرمانی لەفزی کوردی، (کوردی) کە کردی پێوان
(نالی) کە نالیی کاسەیێکی دا بە ئەو لێوان. دیوان ل١٩٦.

ئەمیش دیسان کوردی پێش نالی دەخات.

سێیەم: مستەفا بەگ نازناوی یەکەمی (هجری) بووە و بە فارسی شیعری گوتووە، بەڵام کە دێتە سەر کوردی نووسین یەکسەر نازناوەکەیش دەگۆڕێ بە (کوردی).

کۆیی، مەلا محەمەدی خاکی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دێن و بەدوایاندا (حەریق، حەمدی، بێخود، تایەر بەگی جاف، ناری و ئەدەب و تا شیعرە کلاسیکیەکانی (شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و تاشیعرە بەزەوقەکانی (هەردی)) کەواتە بە پێچەوانەی قوتابخانەکەی مەولەوییەوە، ئەم قوتابخانەیە هەر لە بەخشیندامایەوە.

واتە بە پێوانەیەك دەبێ بڵێین (مەحوی) لە کوێ و (میرزا ئەولقاری پاوەیی) لە کوێ؟ یا (وەفایی) لە کوێ و (ئاغا عینایەت) لە کوێ؟؟ هەروەها پێوانەکە بۆ هەموو شاعیرەکانی دیکەش هەروایە، یا لە دواقۆناغی هەردوو قوتابخانەکەدا (هەردی) لە کوێ و شیعرە هەورامیەکانی (کاردۆخی) لەکوێ؟

ئێستەش لەناو نەوەیەکی نوێ ی هەورامیدا شیعر گوتن بەدیالێکتی گۆران کەوتۆتە جووڵە، بەڵام ئەوەندەی من لێم خوێندبنەوە هیچیان ئەوەنین کە جێگەی دڵخۆشی بن، چونکە کەسیان نەك مەولەوی ناگەیەنن، بەڵکو زۆریش دوورن لەو دنیا جوان و ڕەنگینەوە کەواتە هەر نەینووسن باشترە، چونکە شاعیر کە نەیتوانی هونەری بەرجەستە و دڵگیر ئاراستە بکات ئەوا بێدەنگ بوونی چاکترە. بەهەرحاڵ ئەگەرچی بە مەرگی مەولەوی شیعری گۆران دواکۆسی کەوت و کەوتە پەراوێزی شێوەزاری کرمانجی نێوە ڕاستەوە، بەڵام مەولەوی قوتابخانەیەکی وەها مەزنی تێدا بنیات ناوە کە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت و پێویستە هەمیشە وانەی تێدا بخوێنرێت. شاعیرێکە کە خوێندنەوەی بەردەوام هەڵدەگرێت و تا ئێستە

**گەورەترین خزمەتی پێکراوە، چ لە ڕووی بوژانەوەی بەرهەمەکانیەوە بێت یا لە ڕووی لێکۆڵینەوە و میهرەجان بۆ ساز کردنەوە بێت، ئەمەش گەورەیی و مەزنی شاعیر خۆیەتی کەوا دەکات ڕۆشنبیرانی گەلەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات* .**

---

* مەولەوی خوێندنەوەی دیکە هەڵدەگرێت و هێشتا زۆری بەبەرەوەماوە. بەر لە هەموو شتێ پێویستە دیوانەکەی ساغ بکەینەوە و گرێ و گۆڵی تێدا نەهێڵین. لەگەڵ ئەوپەڕی حورمەتمدا بۆ کارەکەی مامەم خوایار ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەلاّم وەك پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکردوون بەس ئەوەندە هەیە خوا بە بەهەشتیان شاد بکات دەست پێشکەرییەکی زۆر چاکی کردووە لە کۆکردنەوەی شیعرەکاندا و لەگەڵێ شوێنیشدا باسی جوانی لەسەر کردوون، بەلاّم هەروەکو گوتمان بەبەریەوە ماوە و هونەری مەولەوی زۆر لەوە بەرزترە کە بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕین.

ئەگەر ئەم شا شاعیرەمان دیوانەکەی ساغ بکرێتەوە وەکو (بەندە) چەند هەوڵێکم بۆ داوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە لێکۆڵینەوەی ورد هەڵدەگرێ و بە ئەندازەی لێکدانەوەی (نالی) و (مەحوی) زەحمەتی دەوێت. بەتایبەتی لەسەر ئەو وشەو زاراوە سۆفی و عیرفانیانەی کە دەستی بۆ بردوون و دەمێکە بە دەستمەوەیە کە (فەرهەنگی وشەو زاراوەکانی) ئەم شاعیرە پێك بێنم بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشکەربن بۆ بەوردی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی.

## هونەر بەخشین بە شێوەزاری جاف

بەر لەمەولەوی و لە سەردەمی ژیانی خۆیشیدا ژمارەیەك شاعیر لەناوجافدا هەڵکەوتوون کە لە ماڵ و ناوچەی خۆیاندا بەم شێوەزارە دواون، ئەو شاعیرانەش وەکو (خانای قوبادی، مەلاوەڵەوخان، مەحموودی یارەویس، کاك ئەحمەدی پریسی، مەلا ئەحمەدی کلاڵشی، مەلا عەبدوڵلای داخی، مەلکەی جوانڕۆیی، یوسف بەگی ئیمامی، ئینجە گەلاڵی، مەلا عیسای جوانڕۆیی و میرزا یەعقوب... هتد).

ئەمانە هەموو شیعریان بە شێوەی گۆران – هەورامی لە پاش بەجێماوە واتە بە تەواوی تەسلیمی شێوەی (گۆران) بوونە کە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو بووە لە هەرێمەکانی (جاف، ئەردەلان، کولیایی، کەلوڕ، لەك، فەیلی ، هەمەوەند، گەرمیان) گۆران واتەنی لە کاتی شکۆیدا سێکوچکەی (لوڕستان– هەمەدان– کەرکوك)ی گرتۆتەوە کە ئەمەش جوگرافیایەکی فراوان بووە و شێوەی گۆران تێیدا زمانێکی نیمچە ئیستاندارد بووە و هەموو ئەو هەرێمانەی لە ژێر چەتری خۆیدا یەکخستووە.

جگە لەو شاعیرانەی کە ناومان بردن، شاعیرانی دیکەی وەکو نالی ، تایەر بەگی جاف، ئەحمەد موختار جاف، سلێمان بەگی کاتب فارسی) بەبنەچە جافن و لە نالی بەم لاوە شێوەزارە شیعرەیەکەیان گۆڕیوە بۆ شێوەی (بابان)*.

مەبەستم ئەوەیە هەموو شاعیرانی ناوبراو ئاوڕیان لە شێوەزارەکەی خۆیان کە جافییە نەداوەتەوە، تەنیا مەولەوی نەبێت لەو بارەوە قەڵەمی خستۆتە گەڕ و دەبێتە یەکەمین شاعیر کە ئەو شێوەزارەی لە فۆلکلۆرییەوە گواستۆتەوە سەر شیعری هونەریی*..

---

* ئەو شێوە زمانە شیعریەی لە سلێمانیدا دامەزرا لەسەر دەستی (کوردی، نالی، سالم) ناتوانرێ لەسەداسەد ناوبنرێ شێوەی بابان، چونکە لەلایەن ئەو شاعیرانەوە هەندێ دەستی تێخراوە و لە قالبی بابان دەرچوون ئەویش وەك (کردەوانێ=کردەوە)،(خوارێ = خواردوە)،(دەربەنگ= دەربەند)، (ڕفی =فڕی)،( ئاوڕ =لا) ،(سەیرکە= بنواڕە)، (تا= دا)، (سنگ= سینە)،( ئەڵێ ی= دەڵێ ی)(ئەکەم =دەکەم)، (تەوێڵ= پێشانی)، (پێ= پا)،( بەلام= وەلێ)(ناو= نێو)، (پەپولە= پەروانە)، ( مەلهەم= مەرهەم)،( وتم =گوتم) ،(ئەودنگە= ئەودندە)....هتد.

* پێش مەولەوی و دواتریش شیعری فۆلکلۆری لەناو جافدا هەبوو و بەش بەحاڵی خۆیشی وەك هەر هەرێمێکی دیکەی کوردستان پێی دەوڵەمەندە. بالێرەدا هەندێ نموونە دیاری بکەین.

زوڵفت بەڕدزای بان کەلی دملی
لایە بکەرۆ ماچێ لەگەڵی.

بان= سەر. کەلی دملی= بەشێکە لە چیای سورێن سەر بە هەڵەبجە. بکەرۆ= بکەردوە.

خۆزگەم بەکونە پێسی بزنە
دایم لەبانی کلۆکی ژنە

کونە نێستەش لە لادێکانداماوە، دوای ئەوەی پێستی بزنەکە خۆشە دەکەن سوودی لێودر دەگرن بۆ هەلگرتنی ناوی خواردنەوە تێیدا.

ئەودننە لێفەی دوو کەسیم کری
هەمگیم هەر وە تەنیایی دری

ئەودننە =ئەودندە. هەمگیم= هەموویم، دری= دراند.

سەرەتا بالەم بەیتەوە دەست پێبکەین کە بەشێوەی جاف بۆ کاک ئەحمەدی پریسی نووسیوە، دەڵێ:

قسەیێ ئەکەم بە ڕێ ووجێ وێ

کەلەیلێ نەو و بابەییجێ وێ

دیوان ل٣٦٣.

کاک ئەحمەدیش خۆش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

قسەیێ ئەکەی بێ ڕێ وو جێ وێ

تۆ کە مەجنوونی چۆن بەیجێ وێ

ئەم بەیتەی مەولەوی لەسەر دەمێکدا گوتراوە کە بەباشی گوڕ و تینی ئەوەی تێداماوە کە ژن بێنێ، لە شیعرەکەدانیازی هێنانی لەیلای خۆشکی ئەحمەد پریسی بووە، بەڵام کاتێك دەزانێت لەیلا دەدرێت بەشوو، بۆیە داوای (بەییجێ- بەهیجە)ی خوشکە بچکۆلەکەی لێدەکات، بەڵام ئەویش سەرناگرێ.

---

ناریێ ئەگریا وەبالآمبۆرە

ئەو نارە من بووم لە دووری تۆوە

ناریێ= ئاگریێ. بالآمبۆ= چیایەکە نزیك هەڵەبجە.

ئەمانە و نموونەی دیکە زۆرن، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە بۆ مەبەستەکەی ئێمە کە مەولەوی ئەم زمانی فۆلکۆریەی گۆڕی بە زمانی نووسراو دەرگایەکی دیکەی لەسەر ئەوشێوەزارە خستە سەرپشت.

لە ڕووی هونەریشەوە ئەم تاکەبەیتە هیچ بابەتێکی بەلاغی شیعریی تێدا نیە، بەڵام هەستێکی ناسکی تێدایە لە چوار چێوەی کێش و سەروایەکی ڕەسادا.

بەیتێکی دیکەی هەر بەم شێوە زارە هەیە کە دیارە لەسەری پیریدا نووسیویەو کەوتۆتە دوای مەرگی عەنبەر خاتوونەوە. دەڵێ:

بێژن وەئایشێ دڵی نەیەشێ

وەردی دووگاسنە گای پیر ئەیکێشێ

دوای مردنی عەنبەر خاتوون کە مەولەوی زۆر نیگەران دەبێت بە دەست ژیانەوە، ئەم نیگەرانی و جاڕست بوونەش لەو چەند شیعرە بەسۆزەیدا دیارە کە دوای مەرگی عەنبەر خاتوون نووسیونی. ماوەیەك دوای ئەم مەرگە خزمانی سەردەکەنە گیانی کە ژنێ بێنێت، ئەویش قایل نابێت و دەفەرموێ تازە بەم پیریەمەوە کێ شووم پێدەکات؟ ئەوانیش بێوەژنێکی بەناوی (ئایشێ- عائشە) کە دووجار بێوەژن کەوتووە بۆ دیاری دەکەن. مەولەویش ڕازی دەبێ و دەچنە هەجبێ- خوازبێنی. ژنەش ڕازی نابێت، دواجار کەئەمان هەر لەسەر هەجبێ کەیان سوور دەبن ئەویش بێ شەرمانە دەڵێ: وازبێنن لێم گای پیری واچیە شووی پێبکەم؟ هەجبێ کاران دەگەڕێنەوە و مەولەوی پێیان دەڵێ: چی بوو؟ ئەوانیش لەشەرمدا نازانن چی بڵێن تاناچاریان دەکات و یەکێکیان دەڵێ: شتێکی وای گوتووە. مەولەویش یەکسەر دەڵێ: بڕۆن بڵێن پێ ی کە دڵی نەیەشێ، چونکە وەردێ دووجار گاسنی

لێدرابێت ئەوا گای پیر دەتوانێت گاسنی تری لێبدات. لەم بەیتەیاندا هونەری بەلاغە هەیە ئەویش ئەوەیە کە دووجار بێوەژن کەوتنی ئایشێ ی چواندووە بە وەردی دووگاسنە و لەمەشدا مەبەستی شتە شاراوەکەی ئەو بێوەژنەیە.

ئەم دوو بەیتە هەروەکو ئامآژەمان پێدان یەکەمیان لە تافی گەنجێتی و دووەمیان لە هەرەتی پیریدا نووسراون ئەی لە ماوەی نێوان ئەم دووتەمەنەدا چیدیکەی بەم شێوەزارە نووسیوە؟

لە وەلآمدا دەبێ بلێین ئەوەی بەدیار کەوتبێ کتێبی عەقیدە مەرزیەکەیەتی لەگەڵ ئەم پەخشان و شیعرانەدا کە ئێستە لەبەردەستدان. لەگەڵ ئەمەشدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بەهەشتی لە دیوانەکەدا پارچە شیعرێکی چوار بەیتی بلآو کردۆتەوە کە بەم شێوەیە:

تۆپلآخەی دووکەڵ هیجرانی دلبەر

جەم بووگە وەك هەور ئەرووی سەقفی سەر

حاشا خۆ رەنگم هیچ نەماگەپێ

سەرم وەکو تاس دەنگی لێوە تێ

کەی کەم ئیستەکەم خوێناو ئەکاشەست

لە دوو پلووسکەی چاو شۆڕاوگەی بەست

لافاوی کووچەی جەستەی زووخاڵی

هەڕگاوی هەستی هەرچی بوو ماڵی

دیوان ١٥٤ –١٥٥

ئەم شیعرە بۆ (دڵبەر) نووسراوە، دڵبەریش لای مەولەوی مەرج نیە لە ڕەگەزی مێ بێت. لەوانەیە بۆ شێخەکەی یا یەکێك لە هاوڕێکانی نووسیبێت، چونکە لە شیعری تریشیدا (لەیل) یا(یار)ی بۆ پیاو بەکارهێناوە.

لێکدانەوەی هەندێ لەوشەکان: تۆپلأخە = بەسەر یەکدا کەوتوو. هیجران= دووریی و لێك دابڕان. جەم= کۆ. بووگە =بووە. سەقفی سەر= تەپڵی سەر. نەماگەپێ= پێ نەماوە. تێ=دێ. کەی کەم ئیستەکەم= بارانێ کە لێزمە بکات و درەنگ خۆش بکات. شەست= لێزمە، ڕەهێڵە. پلووسك= لوولە یا هەرشتێکی ناو چاڵ بۆ ڕاگواستنی ئاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بەتایبەتی لە گۆشەیەکی سەربان‌دا دروست دەکرێت. شۆڕاوگە= چۆڕاوگە. کووچە= کۆڵان. زووخاڵی= خەڵووزی. هەڕگاو= قوڕاو. هەستی= بوون.

هونەر لەم شیعرەدا بریتیە لەم تەرکیباتانە. تۆپلأخەی دووکەڵی هیجران. دووپلوسکەی چاو. کووچەی جەستە. هەڕگاوی هەستی.

هەروەها ئەم تەشبیهانەشی تێدایە: تۆپلأخەی دووکەڵ وەك هەور. سەر وەکو تاس. جەستەی زوخاڵی. وا دەزانم ئەم شیعرە بەم هونەرەوە یەکەمین تەقەللای مەولەوی بێت بۆ کالأی هونەر بەبالأ بڕینی ئەو شێوەزارەو ڕاچەنینی لە خەوی فۆلکلۆر.

بزانە ئەی کەسێ کە طــەلە بی ڕێگەی حەق دەکەی، حیکمەت لە خەلقی ئینس و جیندا عیبادەت کردن[1] بۆ خودایە، عیبادەت کردنیچ

---

[1] - لای کاك محەمەد عەلی قەرەداغی –کاك میم- نووسراوە، کردنی.

تەوەقوفی بەستگە لە ئیمان، هەرکەس کە ئیمانی نەویٚ عیبادەت کردنیچی دروست نیە، ئەگەر چ تەکلیفی لیٚ دەکریٚ. ئەمجار هەر وەختیٚ ئیمان شەرط بیٚ بۆ دروستی عیبادەت واجبە لەسەر کوللی موکەللەفٚ لە ئەوەڵەوە مەعنای لوغەویی و شەرعی ئیمان بزانیٚو[2] ئیمانیچ ئەمما ئیمان لە ئەصلی لوغەتدا گەڕیانە[3] بەصاحیب ئیمنی، یا گەڕاندنی[4] غەیرە ئیمن. ئەمما لە عورفی لوغەتدا: ئیسمە بۆ تەصدیق، یانی باوەڕ کردنی دڵ. لەبەر ئەم موناسەبە ئەو تەصدیقە ناونریاگە ئیمان. هەرکەسیٚ بیەویٚ خۆی ئیمن دەویٚ لە عەذاب و خوذلان، غەیریچ ئیمن دەکا لە تەکذیب و لە موخالەفە.

ئەمما لە شەرعدا بەمەعنی[5] باوەڕ کردنیٚکی قایمە بە دڵ بەهەرچی حەضـــرەت(ﷺ) لە طـــەرەفی خوداوە ئاوردوویەتی، هەرچە ئیجمالە بە ئیجمال و هەر چە تەفصیلە بە تەفصیل، چونکە ئیمان ئەمریٚکی مەخفیە، تەلەفوظ کردن لەگەڵ قودرەت بەکەلیمەی شەهادەت شەرطیە. بەڵیٚ ماباقی بەحثی ئیمان وەك ئەمە بیٚژین[6] زیادی و نوقصانی دەبیٚ یانابیٚ، عەمەل داخلیە یا خاریجیە، تەقلیدی ئیعتباری پیٚ هەیە یا نیە، ئەوە حەواڵەی کتیٚبی طوولانیە، ان شاءالله عومر وەفای کرد دەیخویٚنین.

---

2 - لای کاك میم نووسراوە: بزانیٚ.

3 - لای کاك میم نووسراوە: کڕیانە.

4 - لای کاك میم نووسراوە: گڕاندنی.

5 - لای کاك میم (بەمەعنی) پەڕیوە.

6 - لای کاك میم نووسراوە: بیٚژن.

**ئەمما بزانە لەبەر ئەمە لەبەرەوە[7] بەعزێ جار وتمان: ئیمان باوەڕ کردنی دڵە، بەعزێ جار وتمان باوەڕ کردنێکی[8] قائیمە بەدڵ. یەعنی مەعریفەتی ڕووت هیچ نەفعێ نادا. بۆچی کافر فرەیان بووگن مەعریفەتی حەقیان بووگە، وەکو تریچ هەر کافر بووگن، بەڵکو ئیمان ئاوردن بە تەسلیمی باطینی و بە ئینقیادی قەلبیی بە بێ عینادی دەوێ، کەوا لە فارسییدا پێی دەوێژن (گرویدن)[9] ڕاستگوی داشتن[10].**

**ئەم باوەڕ کردنیچە کەوا بە عیبارەتی تر پێی دەڵێن: ئیذعان، ئیعتیقادێکە ثابت و یەقین جەزمێکی بێ تەردید، لە دوای فەضلی خودای تەعالا (وبیده التوفیق و التایید) ئیمان دەشێ موکتەسەب بێ یا لە کەشف، یا لە ویجدان، یا لە دەلیل، یا لە تەقلید. خۆلاصەی کەلام ئەگەرچە ئیمان لە کەیفیاتە، بێ ئیختیاریە، ئەمما ئەسبابی تەحصیلی ئەو کەیفیەتە، چونکە ئیختیاریە بینا لەوە تەکلیف بە ئیمان واقیع بووگە.**

**لە دوای ئەمە مەعنای لوغەویی و شەرعیی ئیمانمان زانی و زانیمان ئاوردن چلۆن دەبێ، بزانە ئەو ئەصلانە کەوا واجبە ئیمان پێ ئاوردنیان شەشن. ئەوەڵەمینمان: ئیمان ئاوردنە بە خودای تەعالا. یەعنی باوەڕت ببێ کە خودای تەعالا ذاتێکە (واجب الوجود)ە، وە هیچ**

---

[7] - لای کاك میم نووسراوە: لێرەوە، بەڵام لەبەردوە ڕاستە بەواتای لە پێشەوە لەناو جافدا بە (پـێش) دەگوترێ (بەر).

[8] - لای کاك میم نووسراوە: کردنی

[9] - لای کاك میم نووسراوە:گریویدن.

[10] - لای کاك میم نووسراوە: داشتەن، بەڵام فارسیە و پێویستە وابنووسرێ.

**کەس ئە وجوودی ناوردگە، هەر بەذاتی خۆی مەوجوودە، هەر ئەمە کە مەعبود و مەقصود و مەوجوودی بەحەقە ، هەر ئەمە بێ شەریك و بێ نەظیرو تەنیای موطلەقە.**

**حەقیقەتێکە بێ چەند و چوون[11]، لە دائیرەی زانینی عەقڵ و خەیاڵی هەموو عاقڵێ بیروون، ئەزەلیی و ئەوەلییێکە بێ بیدایەت، ئەبەدیی و ئاخرییێکە بێ نیهایەت، نە صورەتیە نەهەیوولانیی[12]، نەجیسمیە نەجیسمانی، نەزەمانییە و نەمەکانیی، نەزەمینیە و نەئاسمانی، نە عەرەضـــە و نەجەوهەرە، لە جیهەت و لە[13] حەییز ئەودەرە. غەیرە موتتەصیفە بە حادیث، هەر خۆیە، نە ئیتیحادی[14] بۆ ثابتە، نەحولوولی هەیە، (من حیث الذات) لە هەموو چشتێ دوورەو تەریکە، بە موقتەضای صیفات بە هەموو چشتێ نزدیکە. مووجیدی عالەم لە عەدەم، خالیقی مومکینات سەرجەم. (مؤثر فی الوجود) هەر ئەوە و بەس (جل جلالە و تعالی جنابە الاقدس).**

**بێ وێنە و مادە، بێ موددە و ئالەت**

**وەبێ ماندەگی و عەجز و مەلالەت**

**ئاوردیە وجوود گشت ئەجزای عالەم**

**لە عەدەم دیسان دەیواتۆ عەدەم**

---

11 - لای کاك میم نووسراوە: چۆن.

12 - لای کاك میم نووسراوە: هەیوولایتی –دەبێ هەڵەی چاپ بێ.

13 - (لە) لای کاك میم پەڕیوە.

14 - لای کاك میم نووسراوە: ئینتحادی- دەبێ هەڵەی چاپ بێ.

**لە ئەزەل ئەو بوو، نەهیچ بوو نەکەس**

**بەبیچوون[15] لەگەلْ هەموو چتیچ هەس**

**ئاخریج هەر ئەو دەمێنێت و بەس**

**یانی غەیری حەق دلْ بە هیچ مەبەس[16]**

**پاك و مونەززەهە[17] لە عەیب و نەقص و زەوال، مەوصووفە بە هەموو صیفەتێکی کەمال، چ صیفەتی جەلال و چ صیفەتی جەمال، صیفاتی خودایی[18] ئیحاطەی پێدا نادرێ، بەلْێ لە چەند صیفاتی وجودیە و ذاتیە قسەدەکرێ کە هەموویان هەر وەکو ذاتن. یانی خاریجی دەرکی مەخلوقاتن، ئەزەلین و ئەبەدین و بێ کەیفیەت، نەموشابەهەتیان بە صیفاتی مەخلوقات هەیە و نەموناسەبەت.**

**حەیاتەو، عیلمەو، ئیرادەو، قودرەت**

**سەمعە و، بەصەرەو، کەلام، ئەمە هەفت.**

---

15 - لای کاك میم نووسراوە: بیّ چوون، بەلام (بیچون) ڕاستە، چونکە وشەکە فارسیە بەواتای بێ هاوتا.

16 - ئەم بەیتە لای کاك میم نیە.

17 - ئەم وشەیە لای کاك میم نەخوێنراوەتەوە و پێش وشەکە شتێك دیارە ناخوێنرێتەوە و هیچ واتایەکیش بۆ مەتنەکە نادات بەدەستەوە.

18 - لای کاك میم نووسراوە: خودای.

صیفەتی هەشتەمین بەقایە یاتەکوین. حەیات یەعنی خودای تەعالا زیندەگیی هەیە، ئەمما نەك وەك باقی زیندەگانە کە بە نەفەس و ڕۆح و میزاج ویّ[19]، بەڵکو زیندەگیی هەر بەذاتی خۆیە، حەیاتیچ چونکە صیفەتێکە عیلم و ئیرادە- بە شکو گشت صیفات- لەگەڵ ئەودا بێیەك نین (امام الصفات)ی پیّ دێژن، ئەگەر چە[20] بەرودوا لە صیفاتی ئەودانیە، تعالی شأنە.

عیلم یەعنی زانین، زانینیچ[21] چ صیفەتێکە وەحشەتی پیّ مونکەشیف دەویّ، وەختیّ کە تەعەللوقی پێوە بوەسیّ.

یەعنی خودای تەعالا عیلمێکی هەیە موحیطە بە جەمیعی ئەشیادا، چە واجب، چە مومتەنیع، چەمومکین، چەکوللی، چە جوزئی، لە حەیثیـەتی تەعللووقەوە لە باقی صیفات شامیل ترە.

ئیرادە یەعنی خواهش، صیفەتێکە ئەزەلی، هەر لە ئەزەلدا تەعەللووقی بە وجودی جەمیعی کائیناتەوە. لە (لایزال)دا (کل فی وقتە) بێتە وجوود. پەس و پێشیّ کە لە وجوودی مورادتدا[22] هەیە، موقتەضای عالەمی ظاهیرە، وە ئیللا بووگە، هەیە، دەویّ صبحەینیّ و ئەمڕۆ و دویّ بەلای خوداوە نیە (عند ربی لاصباح لامساء) صیفەتێکە تابیعی عیلمە و موخەصیصی یەکیّ لە دوو طـەرەفی مەقدوورە بە

---

19 - لای کاك میم نووسراوە: دیّ.

20 - لای کاك میم نووسراوە: چ.

21 - لای کاك میم نووسراوە: زانینی.

22 - لە پەراوێزی لای کاك میم دا نووسراوە: ئەمەیشم بە دروستی بۆ نەخوێنرایەوە، ئێمەش هـەروا بۆمان خوێنرایەوە.

وقوع، ئایا شەڕ، ئایا خێر، بینا لەمە خودای تەعالا مەوریدی[23] شەڕو خێرە. لاکین[24]:

**بەشەر ناڕازیی لە خێر ڕازییە**

**تەقدیر گشت خێرەن حەق خۆی قازییە**

کەوا ئینشائەڵڵا و تەعالا بەتەفصیلێکی موناسیب لە ئەصڵی شەشەمدا تەقریری دەکەین. قودرەت یەعنی توانین، خودای تەعالا دەتوانێ فیعلی کوللی مومکینێ وە تەرکی کوللی مومکینێ صیفەتێکە قودرەت بە موافیقی ئیرادە تەئثیر دەکاتە مەقدوورات، لەگەڵ ئیرادە موتەعەللیقیان هەروەسە یەك، لە دوای ثبووتی ئیرادە و قودرەت مەعلوومە کە خودا فاعیلی موختارە، نەك موجب بالذالت. سەمع یەعنی شنەفتن، بەصەر یەعنی بینشی خودایی. کوللی مەسموعێ ئەشنەوێ ئەگەر دوور وێ ئەگەر نزدیك. کوللی بەصەرێ دەبینێ، ئەگەر ڕۆشنا وێ ئەگەر تاریك. شنەفتن و بینشی نیە وەکو ئەی مەخلووق بە ئالاتی گوێچکە و چاو بێ، یا سەمع تەعەللوقی هەر بە دەنگەوە بێ. بەصەرێ تەعەللوقی هەر بە جیسم ورەنگەوە بێ، بەشکو بێ کەیفییەت و بێ ئالەتە. هەرچە بە سەمع دەیشنەوێ بە بەصەریچ دەی بینێ، هەرچە بە بەصەر دەیوینێ، بەسەمعیش دەیشنەوێ (تقدست ذاتە عما بخطر بالبال، و تنزهت صفاتە عن درك الوهم و الخیال).

---

23 - لای کاك میم نوسراوە: موریدی.

24 - لێردوە لای کاك میم نیە تا دەگاتە سەر ژمارە (٢٥).

کەلام یەعنی وتن ئەمما نەك بەکام و زبانی خەلقە، هەر چلۆنیٚ کەوا وتن خەلقە بەشکو صیفەتێکی ئەزەلییە لە جینس، حەرف و صەوت نیە، مەنافی سکووت و ئافەتی لە دڵی باطنییە. صیفەتێکی قائیم بەذات و کەلامێکی نەفسییە. خۆی واحیدە و تەعەللوقاتی غەیر موتەناهییە، هەروەکو باقی صیفات موتەعەللیقەی ئیلاهیە لە ئەزەلدا، بەریی لە ئەنواع و ئەقسامییە لەلایەزالدا، مەسەلەن یا ئەمرە یا نەهیە یا ئیستیفهامە.

بە زبانی سریانی مەسەلەن پیٚ ی دێژن (زەبوور)، بە زبانی یۆنانی پیٚ ی دێژن(ئینجیل)، بە زبانی عیبری پێی دێژن (تەورات)، بە زبانی عەرەبی پیٚ ی دێژن (قورئان). موسەممایچ هەریەکێکە. (عباراتنا شتی و حسنك واحد، وکل الی ذاك الجمال یثار). ئەمیچ وەك ئەو شەش صیفەتەکان نەعەینی ذاتە، نەغەیری ذاتە. ئەگەر چە ئینشائەڵڵا لە ئەصلی سێیەمدا هەم قسەی لێدەکەین. ئەمما حەقیقەتی کەلامولڵا حەقیقەتی کەلام وەك ئەو صیفەتەکان مەعریفەتی زەحمەتە، هەر ئەوەندە بەسە بێژین ئەمیچ وەك سەمع و بەصەر غەیری عیلم و ئیرادە و صیفاتە.

بەقا یانی مان. لەلای شێخی ئەشعەری —رحمه الله— ئەویچ صیفەتێکە ثبووتییە، ئەمما لەلای موحەقیقان یەکێکە لە صیفاتی سلبیە کەوا ئینشا ئەڵڵا قسەی لێدەکەین.

تەکوین یەعنی ئاوردنی مەعدووم لە عەدەم ئە وجوود، لەلای شێخ ئەبو مەنصوری ماتوریدی —علیه الرحمه— ئەویچ صیفەتێکە وەك

هەفت صیفەتەکان، ئەمما حەق ئەمەتە بەغەیر لە تەعەللووقی ئیرادە و قودرەت هیچی تر نیە. صیفەتێکی ئیضافیە وەك سائیر صیفاتی ئیضافییە. کالعفو و الانتقام، و الاهانه و الاکرام. لە دوای ئەم صیفەتە ثبووتیانە و ئەم صیفەتە ئیضافیانە لە صیفاتی سلبیچ پێنجیان بزانە. قیدەم و بەقاو موخالەفە بۆ حەوادیث، قیام بەنەفسە و وەحدانییەت.

قیدەم عیبارەتە لە سیلبی سەبەق. عەدەم یەعنی بیٚ ئیبتیدائی. بەقا عیبارەتە لە سیلبی لحوقی عەدەم یەعنی بیٚ ئینتیهایی. موخالەفە بۆ حەوادیث یەعنی بیٚ مو‌ماثەلە لەگەڵ جەمیعی مەخلوقات قیام بەنەفسە، یەعنی بیٚ ئیحتیاجی لە هەموو موصیلات و موخەصەصات. وەحدانیەت یەعنی بیٚ دووەمینی چە لە ئەزەلدا[٢٥].

حەضرەتی ڕەببولعالەمین هیچ واجب نیە، نە ئەصلەحی دنیا، نە ئەصلەحی دین نەلوطفـیٚ کە ئینسان نزدیك بکاتەوە بە طاعەت، دووری خاتەوە لە مەعصییەت، نەعیوەض لە هەر دەرد و ئازاران، نە ثـەوابی طاعـەت گوزاران، نەعیقابی گوناهکاران، نە هیچ کامیتر، لە باقی ئەشیان، حەتتا بۆی هەیە عەذابدانی موطیعان، ثەوابدانی[٢٦] عاصییان،ئازاردانی منداڵان. ئەی[٢٧] حەیوانی بەستەزوان. بەڵکو مەسەلەن[٢٨] ئەگەر ثەوابی داینیٚ[٢٩]، لەسەر طاعەت مەحضی فەضلە، ئەگەر عیقاب عەذابە لەسەر مەعصیەت عەینی عەدلە.

25 - دیارە لە نوسخەکەی لای ئێمەشدا لێرە بە دوواوە شتێکی پەڕیوە.

26 - لای کاك میم نووسراوە: ئەووابدای.

27 - لای کاك میم نووسراوە: ئای

28 - لای کاك میم: ئەم وشە پەڕیوە.

**لە هیچ کەس تەکلیف ناکا بە طاعەت**

**زیادە لە حەد و ویسعەت و طاقەت**

**غوفرانی بۆ گشت گوناهان دەویٚ**

**گەورە یا بچووك ئیللا شیرك نەویٚ**

**مەئالی موئمین بە هەشتە و نەعیم**

**مەسکەنی کافر حەمیمە و جەحیم**

لە وەعدەی حەق تەعالادا بە ئیتیفاقی هەموو لایێ. لەوەعدێدا (عند اهل الحق) خولف هەرگیز ناویٚ.

**ئیحتیمال هەیە ئایاتی وەعید**

**مەحموول بن هەموو لە ئینشای تەهدید**

**شەئن[30] و حالاتی بێ حەد شەرەفناك**

**لە نیسبەت بەحالٚ مەخلووق پاك و چاك**

**دەمێ جەلالی و دەمێ جەمالٚی**

**مەشغوڵی ناکا ئەم حالٚ لەو حالٚی**

---

29 - لای کاك میم نووسراوە:دانیە.

30 لای کاك میم نووسراوە: شان.

لەلای قەولی موختار ڕوئیەتی حەضرەتی پەروەردگار جائیزە، ئەمما وقوعی لە دنیادا بەبیّداری و بەچاوی سەر بەغەیر لە سەییدی سەروەر –علیه الصلاه و السلام من الله اکبر– بۆ کەس نەبووگەو ناویّ.

**حەتتا ڕوئیەتیّ کە بۆ ئەویچ بوو**

**دەڵێن وەختیّ بوو لە دنیا دەرچوو**

ئەولییا –قدس سرهم– کە ئیظهاری ڕوئیەتیان فەرمووگە، ئەوە شهود یان قەلبییە بووگە، مەست بووگن، دینیان بۆ ڕوئیەت چووگە.

**بەڵیّ بە نەقڵیّ تەشکیك نەماگە**

**بۆ زۆر بزورگان بەخەو ڕووی داگە**

ئەمما ڕۆژی قیامەت بیّ کەیفیەتی موقابەلەو جیهەت، ڕوئیەتی (واجب الوجود)ی موطـلەق بۆ جەمیعی موسڵمانان واقیع بوونی بیّ تەشکیکە و موحەققەقە ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾.

**عیلمی کونهی ذات بۆکەس ڕوونادا**

**نەلە دنیادا نە لە عوقبادا**

**ئەربیژی ڕوئیەت بوو، دەلیل چیە؟**

**ڕوئیەت موفیدی حەقیقەت نیە**

**ذاتیّ نیشانەی بیّ نیشانی بیّ**

**دەشیّ عیلمی کەس چی لیّ زانیبیّ؟**

ئەوە بێتە ضبط ذەین و مەعریفەت

هەر وجوودە و سەلب ئیضافە و صیفەت

(لاتقل کیف هو ولاماهو

جل من لااله الا هو)

ئەمەتە باوەڕت بوێ وە یەقین کە بۆ حەق تەعالا هەیە نەوعێ لە بەندەکان کەمەلایکەیە.

بە فارسی پێیان دەڵێن فریشتە

جیسم نوورانی و لەطیف سریشتە[31]

پاك و بێ گونا و فەرمانبەردارن

موطیعی فەرمان پەروەردگارن

هەر ئەمرێ بکا و هەرچەی فەرمووگە

تا فەرمانییان ناوێ و نەبووگە

ئەوقسەی[32] لەگەڵ ڕەبوولعالەم بوو

پرسین لەحیکمەت خەلقی ئادەم بوو

---

31 - لای کاك میم نووسراوە: سروشتە. بەلاّم سریشت راستە کەوشەیەکی فارسییە بەواتای: خیلقەت، نیهاد.

32 - لای کاك میم نووسراوە: قیصصە. ڕاستە لە مەتنەکەدا (قصە) نووسراوە، بەلاّم دەبێ بە (قسە) بخوێنرێتەوە نەك قیصصەکە واتای (چیرۆك) دەدات.

تاحاڵیی ببین گشت له حیکمەتی

هیچ کام نەمێنێ عوقدەی شوبهەتی

نەرەخنە له فیعل (رب العزة) بوو

نە دەرحەق ئادەم طهعن و غەیبەت بوو

ئەر مەلەکەینن[33] هارووت و مارووت

کەس بۆ ئیعتراض ناوێسێتە ڕووت

وەر مەلەکەینن[34] ئەمە جەوابە

ئازاریان عەذاب نیە عیتابە

قیصەی سیحریان بێ تان و پۆیە

حیکایەتەکەیچ هەموو درۆیە

ئیبلیس چون لەناو مەلەکاندا بوو

له صوحبەتیاندا خەیلێکی پێ چوو

به تەغلیب ناوی بەمەلەك بریا

ئیستیثنای له جەمع ساجیدان کریا

ئەرنەخۆ (جن)ە ئەو (الخناس)ە

شاهیدیچی قەول ئیبن و عەباسە (رضي الله عنهما)

---

33 - لای کاك میم نووسراوە: نەرێ مەلیکەین.

34 - لای کاك میم نووسراوە: مەلەکەین.

فەرمووطیة جینین[٣٥] ئەو زومرەیانە

وەلەدیان دەبیٚ ئیبلیس لەوانە[٣٦]

چەبە صیفاتدا چەلە ئەفعالدا

[٣٧]...............................

ئەمما ئاگابە و خاسی بزانە

ئەم قەیدە قەیدی هەر سە مەعنانە.

ئەسمای حەسەناتی[٣٨] خودای تەعالا ئەگەر چە هەزار و یەك مەشهوورن، وە بە موافیقی شەرع و سوننەتیچ نەوەدو نۆیان مەذکوورن، ئەمما ئەوانیچ هەروەك صیفات بیٚ نیهایەت و غەیرە مەحصوورن، بۆچی ئەگەر ئەسمایە ئەگەر صیفاتە هەموو مەنشەئیان کەماڵاتە، کەماڵاتی خودایچ[٣٩] نیهایەتی لە مەحاڵاتە، هەر ئیسمیٚ کەشەریعەت ئیـذنی نەداویٚ ئیطلاقی ئەو ئیسمە بەسەر خودای تەعالادا جائیز نیە وناویٚ، ئەم قەولە موختارە و زۆر ظە ریفە، بۆیە وتگیانە ئەسمائوڵلاٚ بینای لەسەر تەوقیفە.

35 - لای کاك میم نووسراوە: جین.

36 - لێرەوە لای ئێمەیش بەناتەواوی دیارە.

37 - ئەم میسراعەش پەڕیووە.

38 - لای کاك میم نووسراوە: حیسانی.

39 - لای کاك میم : وشەی خودایچ پەڕیوە.

ئیگلاق بە عەقڵی کێ دەیتووانی

هەر خاسە[40] شەرع و ئەدەب بزانی

بەعزێکیچ وتگیانە: ئیطلاقی بیلا تەوقیف بە طەریقی تەسمیە جائیز نیە، نەك بە طــەریقی تەوصیف.

لەلای بەعزێکیچ ئیطلاق هەردەوێ

ئەگەر سێهەمی[41] نالایق نەوێ

میثالی سێهەم[42] وەك عاریف بێرە[43]

هەر گا وەلی بێ جایزە مەدێرە[44]

بەعزێ تریچ هەن مەزهەبیان وەیە

ئیطلاق موطلەقا جەوازی هەیە

قەولی هەموویان صاحێب خەلەلە

هەروا کە وتمان موختار ئەوەلە

---

40 - لای کاك میم نووسراوە: خاصە. ڕاستە لـە مەتنەکەیـشدا هەروایـە و لەگـەڵێ بـەیازی تریـشدا دەبینرێ، بەڵاّم ئەوە هەڵەی نەسساخەکانە و پێویستە بەپێ ی واتا (خـاص)و(خـاس) لەیـەك جیابکەینـەوە. خاس وشەیەکە لە هەورامی و جافی و ئەردەڵانیدا لە جێگەی (باش،چاك) بەکاردێت.

41 - لای کاك میم نووسراوە: مووهیمی. بەڵاّم لەمەتنەکەدا بەشێوەی فارسی (سوهم) نووسراوە کە (سێهەمی) دەکات.

42 - لای کاك میم نووسراوە: مووهیم.

43 - لای کاك میم نووسراوە: بیرە.

44 - لای کاك میم نووسراوە: مدیرە، خراوەتە ناو دووکەوانەوە واتە بۆی ساخ نەکراوەتەوە.

ئەم نیزاعیچە کە لە بەینی عولەماندایە نەك لە ئیطلاقی ئەسمای عەلەماندایە، بۆچی کوللە واحیدێ لە طائیفان هەریەکێ بە عەلەمێ بەلوغەتی خۆیان، وەك لەفظي (الله) وەك لەفظی (یەزدان) ناوی حەق تەعالایان بردگە، هیچ کەسێکیچ لە بزورگان ئینکاری نەکردگە، مەعلووم بوو کە ئیطلاقی عەلەم[٤٥] بە ئیجماعی سکووتییە، ئیجماعی سکووتیچ بۆ ئیـذنی شەرعی[٤٦] کافیە، ئەویچە کە شەرع مانعی ئەوێ[٤٧] یا ئەبێ مورادیفیە، وەك ئەوە کە خۆی یامورادیفی مەوریدی ئیـذنی شەرعیە، ئەڵبەتە ئەویچ جێ ی نیزاع نیە، بەشکو نیزاعیان لە ئیسمێکدایە کە مەئخوذ لە صیفەت و فیعلی حەق تەعالایە. وە بە حەسەبی شەرع نەبۆ ئەو ئیسمە نەبۆمورادیفی نەمەنع، هەرچە کە ظاهیری شەرع پێ ی وارید بوێ وە بۆ[٤٨] مەعنای حەقیقی، حەقیقیی دەرحەق بە خودای تەعالا دروس نەوێ وەکو: ئیستیواو، یەدو، وەجه و، عەین، ئەوە لە مەعنای حەقیقی ظاهیریەکەی تەنزیهی حەق تەعالا دەکەین، ئەمجار یاتەفویضی دەکەین و ئیمانی پێ تێرین (علی مراد الله) هەرچلۆنێ کە مەذهەبی سەلەفە (رحمهم الله) یا تەئویلی دەکەین بە موجازات و تەمثیل هەر چلۆنێ کە مەذهەبی خەلەفە علیهم الرحمە– مەذهەبی ئەوەڵ ئەسلەمە، مەذهەبی دووەم ئەحکەم و ئەعلەمە.

---

45 - لای کاك میم نووسراوە: نەمە.

46 - لای کاك میم نووسراوە: شەرع.

47 - لای کاك میم نووسراوە: نەویە.

48 - لای کاك میم نووسراوە: بوو وێ.

ئەفعالی عەجائیبی حەق تەعالا هەموو بیٚ غەرەض و بیٚ عیللەتن، ئەمما پڕ لە حیکمەت و مەنفەعەت و مەصلەحەتن. هەر ئایەو حەدیثــیٚ کە وەهمی عیللەتی لیٚ ببریٚ لەلای ئەهلی تەحقیق تەئویل بە حیکمەت و مەصلەحەت دەکریٚ، هەر چشتیٚ کە پەردەی عەدەمی لەسەر هەڵگیریاویٚ، هاتویٚتە وجوود، لە هەر جیٚگەییٚ بەهەر وەضــعیٚ دانریاویٚ، لەم جیهەتەوە کە عیلمی حەق تەعالا مونتەفیە ئیرادەی ئەویٚ، موخەصیصیەی قودرەتی ئەویٚ، موبریزیە، هەروەها دەبیٚ و بە مەوقیعی خۆیە، لەوە بەدیعتر و ظەریف تر نیە کە هەیە.

(مالك الملك) بە حەق بیٚ رەیب، حەکیم و عەلیم و بیٚ نەقص و عەیب، هەر تەصەڕوڤ بکاتە موڵکی شەهادەت و غەیب، ئەگەر قەبضە، ئەگەر بەسطە، ئەر ڕەحمەتە، ئەر زەحمەتە، ئەر نیعمەتە، ئەر نیقمەتە. هەموو حیکمەتە فەضلە و عەدالەتە، مونەززەه لەنیسبەتی ظولم و قوبح و جەهالەتە، ظولم و ستەم و مالیکی عالەم؟ هەر قسەی شەطــەطە، قەبیح و صاحیٚب فیعلی مەحموود و مەلیح؟ ئای[49] وەهم و غەلەطــە. غەیری ئەبدەع و وەضعی بیٚ مەوقیع حەضرەتی حەکیم و عەلیم؟ (استغفر الله العظیم... استغفرالله العظیم).

فیعلەن و حوکمەن دوورە لە فەحشە[50]
موڵکیچ موڵکی خۆی (یفعل مایشە )[51]

---

49 - لای کاك میم نووسراوە: ای لەناو دووکەواندا واتە بۆی ساخ نەکراوەتەوە.
50 - لای کاك میم نووسراوە: فەحشا.
51 - لای کاك میم نووسراوە: یشا.

بەر لەورودی شەرعی شەریف حوکم بە حوسن و قوبحی ئەفعالی ئەهلی تەکلیف کە ئەمیە حەسەنە سەبەبی مەدح و ثەوابە. ئەویانە قەبیحە سەبەبی ذەم و عیقابە نازانیٚ و نیە، بەڵکو هەر شەریعەتی حەققە موثبیتیـــە و موبەیینیە.

ئەوە ئەرگێڕای حەسەن وەقەبیح
مەثەلا، قەبوول واجبە و صەریح
هەر حوسن و قوبحیٚ بەو مەعنا وێتە
عەقڵ بیٚ حوکمە تێیدا شێتە
غەیری حەق حاکم نیە لەوێدا
نەك هەر لەوێدا بەڵ لەگشت جێدا
هەر چلۆنیٚ حوکم هەر حوکمی ئەویە
حوکمی کەسیچی وە سەردا نیە
مەلەك نەك لەتەرز ئینسان و پەریین
لە ژن و شویی و زاو و زوو بەریین
نەنێر ، نەمێنگ، نەساحێب منداڵ
بەبیٚ روتبە و حاڵ ساحێب پەڕوباڵ

باڵیان وه ئایەت وەها دیارە

دوو دوو و سێ سێ چهار چوارە

بەڵێ پێغەمبەر کە بۆ میعراج چوو

دیگیە جوبرەئیل شەش سەد باڵی بوو

گشت لەسەر فیعل عەجەب قادرن

لە هەرشکڵێکدا حەزکەن ظاهیرن

جوبرەئیل لەشکڵ وەحیدا دەهات

ئە خزمەت حەزرەت علیە الصلوە

زۆرترن لەگەشت ئەنواعی عالەم

باعدادهم الله اعلم

لە مەکان و قورب لە مەکانەتدا

لە ئیمتپالدا و لە مەعریفەتدا

لە کەلامولڵا وا دەبێ مەفهووم

لکل منهم مقام معلوم

لە ئاسمانان نیە جێیەك بێ

ئیللا مەلەکێ حازرە لەوێ

بەعزێ بەدەوام قایم و خاشع

بەعزێکیچییان هەمیشە راکع

بەعزیٚ دائیما وا لە سجوودداا

بەعزیٚ لەکێژاو بەحری شهووددا

غەفڵەتیان نیە ساتیك و دەمیٚ

خەبەریان نیە لە هیچ عالەمیٚ

چونکە بۆ تەبلیغ خەیلیٚ لایقن

واسیتەی مابەبن خەلق و خالقن

بەعزیٚ مەبعوثن سەرنەوعی خۆیان

بەعزیٚ سەر بەعزیٚ لە ئادەمیان

هەرچی لە عەدەم هاتوێتە دەر

فریشتەیەکی تاینە لەسەر

بە ویفقی فەرمان پادشای خەبیر

تەصەڕوفاتی دەکا وەتەدبیر

ئایا سەماوات، ئایا هەساران

بەحروتەم و هەور باو بەور و باران

زەوی و کەژ و دەشت تەواو جیمادات

حەیوانات یەکسەر، هەموو نەباتات

تکتکی باران، کلوکلوی بەور

تەڵەگیا و لقی گەڵای دار بەو تەور

هەرچە نەمووتگە و تەفصیلی دەویٚ

نیە فریشتە موەککیل نەویٚ

بۆ هەر فەردێکی فیرقەی موئمنین

بەحەدیثی پاك خیر النبیین

سەد و شەست مەلەك حافزە یەقین

بۆ دەفعی بەلایائی شەیاتین

بەعزیٚ بۆ بەهەشت خەزێنەدارە

لەناوییاندا ڕیزوان سەردارە

بەعزیٚ خەزێنەی دۆزەخ و نارە

بۆ ئەویشەچە مالیك سالارە

زەبانی یەعنی نەسەقچی سەقەر

یا ئەم خەزێنە وتمان لەمەوبەر

حەق خۆی فەرمووگیە تسعە عشر

نۆزدە صینفن، یا نۆزدە نەفەر

حیفظە بە ئانی کوتوبی کیرام

دوو شەوو دوو ڕۆژ ڕاست و چەپ مەقام

ئەی راس خەبەر نویس، ئەی لای چەپ شروور

ئەی لای ڕاست ئەمیر، ئەی لای چەپ مەئموور

وەلیّ تاهەفت سات بنووسە جاریّ

بەلْ تەسبیحی کا بە ئیستیغفاریّ

ئەی راس چون کەرەم حەق بیّ پایانە

چاکە نوویسی، بە دە چەندانە

فریشتەی سئوال عەزابی قەبرن

چەبۆ موسڵمان، چەبۆ کافرن

دوو کەسن ناویان مونکیر و نەکیر

یا بۆ موسڵمان موبەشیر بەشیر

بەعزیّ مەست بەعزیّ هەیە شەرەفیان

بڵیّ ئەفضهلی گشت مەلایکان

ئەوانە پێیان دەوێژن خەواص

کە چوار صینفن لەگەڵ چوار ئەشخاص

چوار صینفەکان موقەڕڕە بوونن

نزیکی حەزرەت بارگەی بێچوونن

کەڕرووبین مەلەك عەزاب و نیقمەت

ڕۆحانین مەلەك ڕەحمەت و نیعمەت

حەمەلەی عەرش بابی ئەوانە

عەرشی عەظیمیان هەر لەسەر شانە

ئەمرۆ چوارن وەخت جەمالە

لەقیامەت وەقت قەهر و جەلالە

هەشت کەسن یا هەشت صینف بێ شومار

جلّ جلاله واحد القهار

چوار شەخسەکان یەکێ جوبرەئیل

ساحێب وەحیە پەیغام و تەنزیل

میکائیل بۆ فەیض، بۆ بەسگی زەمین

بۆتەعینێ رزق بووگە وە ئەمین

عیزرائیل بۆ قەبج ڕۆح ساحێب دەستوور

ئیسرافیل ساحێب ئەمری نەفخی صوور

صووریج شاخێکە فووی دەکا پێدا

بەعەدەد ئەرواح کونای واتێدا

دووجار فووی پێدا دەکا حەواڵە

بین النفختین موددەی چل ساڵە

بەنەفخەی ئەووەڵ بەرزان دەبن پەس

زیرۆح گشت دەمرن نامێنێ هیچ کەس

کە نەفخەی دووەم ناکاو سەدای بێ

دووبارە هەموو گیانی پێدا تێ

ئەمما حەمەلەو چوار شەخسەکان

لەهەردگ نەفخە ئەوان موستەپنان

دەمرن و زیندگ دەبنەوە دەردەم

پاشتر لە ئەووەڵ، پێشتر لە دووەم

بەعیبان وەك خەڵك بەر لە گشتانە

مردنیچییان لە دوای هەمووانە

خەواصی مەلەك هەیە فەضلیان

وەسەر بەشەردا سیوای ئەنبیان

خەواصی بەشەر صولەحاو ئەولیا

فەضلی هەس وەسەر عامی مەلەکدا

عەوامی مەلەك فەضلی هەس وەسەر

گوناهکاراندا لە فیرقەی بەشەر

وفی الفاصل بین الخواص کلام علی نبینا و علیه الصلوه و السلام. ئەصلی سێیەمین بزانە تەصدیق کردن بە جەمیعی ئەو کتێبانە کە مەنقوشی حادثە لەم بەحثەدا، یا بە ئەلفاظی مورەتتەبە لە زبانی فریشتەدا خالقی عالەمییان نازڵی فەرمووگن ئەسەر بەعضیٚ لە ئینسییان.

سەد و چوارن بەقەولی مەشهوور

تۆ لەو عەدەدا مەیان زان مەحصوور

دە ئەسەر ئادەم، پەنجا ئەسەر شیس

سی نازڵ بووگە ئەسەری ئیدریس

دە سەر ئیبراهیم سەدە تەواوە

ئەمانە هەر سەد صحووفیان ناوە

زەبوور بۆداوود، تەورات بۆ موسا

ئینجیل هاتە سەر حەزرەتی عیسا

قورئان بۆ حەزرەت سید الانام

علیه الصلوه، علیه السلام

تەصدیقت ببێ کە هەموو حەقن

کەلامی قەدیم حەقی موطلهقن

سیفەتی قایم بەزاتی بێ ڕەنگ

نین لە قەبیلە و جینسی حەرف دەنگ

نە لە زیهن و خەت، نەلەزبان دا

نەلە لەفظ گۆی، نەلەبەیاندا

لە هیچ کاتێکدا نیە حلوولیان

بالەوانیچ وێ ئەوێ فامینیان

غەیری مەخلوقن وەبێ رەیب وشەك

نەبەستەی نەبیان، نەبەستەی مەلەك

هەرچییان تێدا هەیە یەکسەریی

هەموو ڕاس لە کیژب لە خولفین بەریی

بۆ تەخەللوفی بەعزێ وەعیدات

ئەگەر بشنەوی هەیە نۆ جیهات

مەشرووط بەشەرطی جەلییە یاخەفی

بەعزێ لەشەرطان دووی موتەننەفی

یاخۆ موقەییەد بەمەشیئەتە

عەزاب دا عەدلە نەیدا ڕەحمەتە

یاخولفی مەخصوص وەعدە نەك وەعیید

بە نەقل و عەقڵ بۆی هەیە تەئیید

یایەعنی عاصی خۆ موستەحەققە

بە عەزاب ئەمما عەفوی حەق حەققە

یاخۆ ئینشایە دەڵێن نەك خەبەر

ئەگەر بەجزوێ وتمان لەمەوبەر

ئەم تەوجیهیانە بە چاکتر بناس

لەعمووماتدا مەعفو موستەپناس

بێ مانیع هەرگیز نصوص لانەدەی

لە ظاهیر دەشێ ئیحتییاگ بکەی

تەشابوهییان سیڕی ئیلاهین

لەمەعنایاندا مەخلوقات لاهین

بەعزیٚ ئاگاهی حەق دەدا بەیان

بەعزیٚ بەو سیڕە کەشف دەکا لیٚیان

ئیمان بیٚرانە تۆ بە گشتییان

بیٚدەنگ لەمەعنا و لەکەیفیەتیان

وەك ئەشاعرە گەردەکەی تەئویل

بازهەم ظهریفە ئیجمال بەتەفصیل

لە بەعزیٚ ئایات ئەو کتیٚباندا

لەلەفظ یا لە حوکم یا هەردوواندا

بۆ خاتری چەند فائیدەی حیکمەت

نەسخ جائیزە و واقیعە ئەڵبەت

بەیەقین لەجەمع باقی کتیٚبان

وەجهی ئیمتیاز بۆ قورئان بزان

ناسیخە بۆ گشت تیٚدا بەیەقین

عیلمی ئەوەڵین، عیلمی ئاخەرین

گشت شەوی قەدریٚ مانگی ڕەمەزان

لەلەوح هاتۆتە ئەوەڵ ئاسمان

لەودوا بەویفق مەصلەحەت و حاڵ

نازڵ بوو وەخت تا بیست و سێ ساڵ

ساحێبی ئایات موفەصصەلاتە

بزورگترینی گشت موعجیزاتە

بەو تەور کە بووگە لە عەهدی حەزرەت

هەر هەیە و دەوێ تا وە قیامەت

وە بێ تەحریف و زیادەو نوقصان

بێ سەهوو غەڵەت تەغییر ونسیان

تەمام ئینس وجین مەلەك بەو دەستوور

ئیجماع کەن مەپهل نائێرنە ظهوور

هەموو فوصەحاو بولەغای عەرەب

ساحێب فەصاحە و بەلاغەی عەجەب

وەك سێ ئایەتیان نەداوە بەڕوون

لە موعارەچهی هەموو عاجز بوون

ئەم عاجزیچە بەوان مولحەققە

مەحج تەئشیری قودرەتی حەققە

**یا بەم سەهمیە کەڕۆیوەتە دەر**

**ڕوتبەی بەلاغە لە تەوقی بەشەر**

**یا سیاقەکەی یەکسان غەریبە**

**نەوعێکە بێ میپل یەکجار عەجیبە**

**یا وجوود تەرکیب لە حەرف هیچاس**

**ماددەی تەرکیبی قسەی بولەغاس**

**نەنەظمـــەر نەنەثر، نەوەك سەجعانە**

**نەتەرزی ڕیجز ئینسان حەیرانە**

**لابە عەقیدەی کافری بێ بیر**

**وقل انە بشیر نژیر**

**قول من الحق فرقان وفصل**

**لاقول کاهن، لاشعر، لاهزل**

**لاَتَقوّلْ ولا اساطیر**

**بل للعالمین هدی وتذکیر**

**ئەگەر تۆ بڵێی تەنزیل و ئینزال**

**موعارەچهی نەسخ ماچی و ئیستیقبال**

لەبەرکردنیان، تیلاوەتییان

شنەفتنیان و کیتابەتییان

گشت لەسەر حدوث وەجهی قەویمن

تۆچلۆن دەڵێ ی کەلام قەدیمن

دەڵێم ئەگەر چە هەم صیفاتی حەق

بەصیفەت مەخلووق ناشوبهێ موطلە ق

بەڵێ لەلای خەڵق تەحقیقمانە

نموونەیان هەس ئەو نموونانە

بۆ صیفاتی حەق ڕێ دەدەن پێمان

بە وەجهێ تاکو مەعلووم بن لێمان

تۆ هەرگا بکەی قەصدی کەلامی

خەبەری، ئەمری، یا ئیستیفهامی

مەعنایەك هەیە ویجدانی لەلات

غەیری عیلمتە سایری صیفات

بە ئەلفاظی خۆی تەعبیری دەدەی

لەگوێ ی سامیع دا وە ذیهن جێ دەکەی

بەو مەعنا دەڵێن کەلامی نەفسی

نەعەرەبیە، نە کوردی و فارسی

بەسیطە وواجد نەکەم نەکەثیر

قایم بەزاتی تۆ وەبێ تەغیر

ئەمیچ کەلامی تۆیە لەفظییە

موتەعدیدە و موتەجەزییە

موختەلیف دەوێ بەڵێ بێگومان

دەلالەت دەکا لەو مەعنا وتمان

بێ تەشبیە کەلام نەفسی حەق واتە

غەیری ئیرادەو باقی صیفاتە

غەیری مەخلوق و بەسیگ و قایم

بەزاتی حەق و قەدیمی دایم

مونافی لاڵی و سکوت و ئافەت

پاك لە حەرفی صەوت، بەریی لە کەثرەت

نەعەرەبیە و نەسریانیە

نەیۆنانیە و نە عیبرانیە

لە لەوازمات حادث بەرییە

لە هیچ شەیئێدا حلولی نیە

بەو صیفەتە حەق بێحەدو وەحەد

موتەکەللیمە ئەزەل تا ئەبەد

بەریی لەو صوحب و سکوتی سابیق

عەریی لە توهمەت خامۆشی لاحیق

خۆی صیفەتێکە لە کەثرەت دوورە

بەڵ نیسبەتێکی غەیر مەصحوورە

حوسنی ئارەزووی نمایش دێنێ

هەردەم بەتەزرێ خۆی دەنوێنێ

زەبوورە ناوی لە سوریانیدا

تەوراتە ناوی لە عیبرانیدا

نیسبەتی نەظم عەرەبی مەعرووف

بە موعجیزی گشت موعاریض مەوصووف

کە بەتەواتر گەیشتگە لامان

دەلیلی شەرعە و تەمام ئەحکامان

مەسسی حەرامە لە بۆ موحدیثان

هاتووە بۆ حەزرەت پیٚ ی دەڵێن قورئان

نیسبەت بە موحکی بەخەبەر مەعلوم

بەغەیری موحکی بە ئینشا مەوسووم

ئەمری پیٚ دەڵێن نیسبەت بە مەئموور

نیسبەت بە مونهی بە مونهی مەذکوور

ماباقیج هەروا بهذا القیاس

هەر بە لیباسیٚ بە ئیسمیٚ بیناس

بە ئیعتیباری ئەم ظهوراتە

کەلامی لەفظی و صوحف و تەوراتە

زەبوورە و ئینجیل قورئانی مونزەل

تەشابوە محکەم ماچی و موستەقبەل

مەککی و مەدەنی و وەعد و وەعیدە

قیصەصەو ئەحکام، ئەمثال، عەقیدە

ئەخبار ئەمرونەهی، تەحریم و تەحلیل

ناسیخ و مەنسوخ، تەسبیح و تەهلیل

ئەرچە لەوەحدەت نەوعی ناکەوێ

تەعەدوودی شەخص تەجەززای دەوێ

قورئان مەثەلا بۆت دەرسە بێنی

جوزوێکی وەك گشت قورئان ناوینی

هەرچە کوتوب و صوحفی مونزەلەن

گشت لەو صیفەتە تەنیا یەك پەلەن

شاهیدی صیدقە بێ حەرەج و ڕەدد

لنفذ البحر قبل ان تنفد

بەم هەموو لیباس زۆر عەجیبەوە

بەم نیسبەتەوە، بەم تەرکیبەوە

یا بیستی وە حەرف صەوت و صەداوە

ئەمما بەگشت عوچو لە هەموو لاوە

یا لە جیهەتێو نەك ئەو صەدا وێ

کە تێیدا دەخل بۆ ماسیوا بێ

وەك تەوەسسوطی مەلەك و کیتاب

هەرسیان بەوەجهێ تەخصیصی حیساب

واتە تەلەققی جیبریلی ئەمین

بۆ وەحی حەزرەت رب العالمین

وابەو سیماع و ساحێب تەخت و تاج

بەو کەلامی حەق لە شەوی میعراج

الحمد الله الذي يختص من يشاء برحمته و الصلوه و السلام على نبينا محمد واله و صحبه و عترته.

ئەصلی چوارەم ئیعتیقاد و ئەذعانێکە محکەم بەتەمامی ئەنبیاو روسول، هەر لە ئادەم تا سەیدی عالەم محەمەدی خاتەم، صلی الله علیه وسلم.

مەعنای لوغەوی وابکە لە بەر

رەسولە فروستادەی خەبەردەر

لە شەریعەتدا بەقەولی موختار

رەسول شەخسێکە راس کردەو گوفتار

لەبەنی ئادەم ساحێب فەضائیل

ئازاد موژەککەر پاك لە رەزائیل

ئەفضـــــەل وێ لە خەلق عەقڵ و عیلم

بەقووەت رەئی، عیفە و صەبر و حیلم

بەشەجاعەت و بەحیکمەت و جوود

بەخەوف خەشیە لە رەبی مەعبوود

بەقووەی ثـەروەت لەگشت هاوعەصران

سیوای صینفی خۆی، بەد، بێ ئەنبیان

مەعصووم لە هەموو گوناهان سەرجەم

بەرلە نبووەت لەوێ و دوایچ هەم

پاك وێ هەر لەوەخت ئیبتدای بیعثەت

تا بە ئیستیقرار ئەمری نبووەت

لەگولی و لاڵی، کوێری، هەر ئافەت

کەوا طـەبعی خەڵق لیێ ی بکا نەفرەت

لەلای حەق شەرعی بۆ ئاوریاوێ

بەگەیاندنی مەئموور کریاوێ

ئەربە گەیاندن پیێ ی مەئموور نیە

وەها بزانە ئەوە نەبییە

لای قەولی هەردوو هەر وەیەك مەعنان

ئەمر بە تەبلیغ شەرتە بۆ هەردووان

چون روسول دەڵێ حەدیثی ئیمان

ئەم قەولییانە بەچاکتر بزان

بۆچ؟ ئاخر ئیمان واجبە بەکولل

فەرقییان نیە ئەنبیاو روسول

ئەرچە ئەم قەولە بێ تەئویل راسە

بینا لە قەولی موختاریج خاسە

چون دروست نیە ئیمان بە مورسەل

ئیمان بە هەمووی ئەرنەوێ لەگەڵ

وا دەوێ بەیان ئیمان ئاوردن

باوەڕبکەی حەق هەڵبژاردن

هەموویان بە مەحض فەضل و مەوهیبەت

بێ سەبەبی کەسب طاعـــەت و ریاضەت

بۆ نبووەتە وەحی شەرایع

بۆ دەفعی ئیشکال حەللی وەقایع

بۆ ڕاهنمایی و ئیرشادی عیباد

بۆ تەمام ئەمر مەعاش و میعاد

بەهەر تەرزێ حەق ئەمری پێ فەرموون

بەوتەرزە ئەژێر باری تەبلیغ چوون

لەگەڵ ئەو هەموو دوشمنە زۆرە

ئەو طەعنە و لۆمە و ئەو شەڕو شۆڕە

گەیاندیان بەسەعی بێ حەدد و غایەت

پەیغامی خودا ئایەت بەئایەت

بەیانیان فەرموو بەیانی موبین

ئەصلەن وەفەرعەن گشت ئەحکامی دین

طابت الدنیا بدعوتهم

جزاهم الله عن امتهم

لە ئەصلی ثبووت نبووەتیان دا

تەفاوت نیە لە بەینیاندا

هەر کەسێ تەکذیب بکا یەکێکیان

ئیمانی نیە بە هیچ کامێکیان

حەق هەمووی بۆ صیدق دەعوای نبووەت

وابە موعجیزات باهیرەی قووەت

موخالیف بەینیان گشت لەکار دەرچوو

تاب موعارضەی ئەوانیان نەبوو

راسە ویلایەت وەلی بەکەسبە

کەسبیچ موحتەمەل بۆ عەزل و نەصبە

بەڵێ نبووەت بە مەحچی فەضلە

مەنصەبی نەبی بەریی لە عەزلە

دائیم موراقیب پەروەردگارن

لە عەینی خەودا گشت دڵ بێدارن

بە ظاهیر نەوعە مەماتێکیان هەس

لە گۆڕدا نەوعە حەیاتێکیان هەس

خاك نارزێنێ جیسمی پاکییان

هیچ زەرەرنادا لە ئیدارکییان

لە حەدیثدا هەس گاهێ نوێژ دەکەن

تەشریفیان وەحەج بیت الله دەبەن

هیچ کەس لەمەلەك، لە جین، لە ئینسان

نەگەیگە وناگا وە روتبەی ئەوان

بەڵێ شەرەف هەس لەناو خۆیاندا

بۆ بەعزێ وەسەر بەعزێکیاندا

کە نەفسی و لەفظی لێت بوو موحەققەق

بزان ئیتیفاق هەس بۆ ئەهلی حەق

لەمدا کە ئەولێ قەدیمە و ئەقدەس

جەوازی حدووث تەعەللوقی هەس

بەڵێ خیلافیان هەس لە دووەمدا

بەعزێ نەصص دەنێن وەسەرقیدەمدا

بەعزێ نەك وەلای بەئایەت دەدەن

حوکمێ بەخەڵقی حەددوثی دەکەن

بەعزێکیچییان حەق بیان بەخشێ

دەڵێن لە تەقدیر حەدووثـیچ دەشێ

غایەی ئەدەبە ریعایەی بکەی

ناو وە مەخلوق وە حادیث نەبەی

نەك لەداڵەوە زیهنت لوول بدا

نیسبەتی حودوث لەمەدلوول بدا

ئەم هەم بەقەدیم بگرە وەمحکەم

وهذا هو الاسلم الاقوم

بینا لە تەقریر تەفصیلی سابق

ناشنەوێ کەلام ئەزەلیی خالق

ئەمجار ساظەریف بەتۆی ئاگاهی

مەعنای (سمعت كلام الله)

یانیهای بیستم نەظمی موئەللەف

داله لەکەلام ئەزەلیی ئەشرەف

یافامیم کەلام ئەزەلیی خودا

لە حەرف و ئەصوات مەسموعە صەدا

لە هەردوو صورەت وا دیباری دا

بۆگشت ئەنبیاو مەخلوقی دنیا

مومکینە کەلام حەق بشنەویی

تەخصیصی موسا بە تەکلیم چیی

دەڵێم سەماعیٚ بۆ ئەو داویە ڕوو

ئەوە بەگە ریق خەرق عادەت بوو

بیلا صەوت و حەرف، بیلا کەیفییەت

هەروەکو روئیەی ڕۆژی قیامەت

بە ئیعتیباری عومومی دەعوەت

غەلەبەی عیلم و حیلم و مەعریفەت

لە ئیستیمراری موعجیزات دا

لە زۆری ئەحکام فروعات دا

لە حەیثییەتی کەثرەتی ئوممەت

بەمەتانەت و طولی شەریعەت

بە خەصائص و کەراماتی چەند

مومتاز بێ وە ذیکر شوهرەتی بولەند

لهذا حەززەت سەییدی سەروەر

فەضلی هەس وەسەر هەموو وەیەکسەر

اولواالعزمیان لە غەیری مورسەل

لە غەیری مورسەل بزان وە ئەفضەل

# فەرهەنگۆک

MAWLAWI.KRD

## پیتی (ئەلف)

ئالات= ئامێرەکان.

ئالەت= ئامێر.

ئاوردن= هێنان.

ئاوردیە= هێناویەتی.

ئاوردوویەتی= هێناویەتی.

ئاوریاوێ= هێنرابێ.

الاهانە و الاکرام= سووکایەتی و ڕێزگرتن.

ئەر= ئەگەر.

اولواالعزم= ئەو پێغەمبەرانەی سروشیان بۆ هاتووە.

ئەبدەع= زۆر داهێنەر.

ئەبەدی= هەمیشەیی.

ئەجزا= پارچەکان.

ئەحکەم= زۆرپتەو.

ئەزەلی= هەمیشەیی، هەربوو.

ئەسباب= هۆیەکان، کەرەسەکان.

ئەسلەم= بێزییان.

ئەسما= ناوەکان.

ئەشاعرە= پەیڕەوانی ئیمامی ئەشعەری.

ئەشخاص= کەسەکان.

ئەشنەوێ= دەبیستێ.

ئەصل= بنەڕەت.

ئەصلەح= باشتر، خاستر.

ئەعلەم= زۆر زانا.

ئەفضەل= زۆر بەڕێز.

ئەقدەس= زۆر پیرۆز.

ئەقسام= بەشەکان.

امام الصفات= رابەری سیفەتەکان.

ئەمما= بەڵام

ئەمر= فەرمان

ئەمیچ= ئەمیش.

ئەنواع= جۆراوجۆر.

ئەوانیچ= ئەوانیش.

ئەوەلی= یەکەمی.

ئەویانە= ئەوەیان.

ئەویچ= ئەویش.

ئیبلیس= شەیتان.

ئیتیحاد= یەکێتی.

ئیتیفاق= ڕێکەوتن.

ئیجمال= پوختە، کورتە.

ئیحاطە= گەمارۆ.

ئیختیاری= شتێ بەویستی مرۆڤ بێت.

ئیذعان= ملکەچ کردن.

ئیرادە= ئارەزوو، خواست.

ئیستیثنا= هەڵاواردن.

ئیستیقبال= پێشوازی.
ئیستیغفار= پەشیمان بوونەوە.
ئیستیفهام= دەرك كردن، فامین.
ئیسم= ناو.
ئیستیوا= ڕێك و ڕاست.
ئیطلاق= ڕەها، بێ بەربەست.
ئیظهار= ڕوونكردنەوە.

ئیعتیبار= بایەخ،وەج.
ئیعتیراض= بەرهەڵستی.
ئیعتیقاد= باوەڕ بوون.
ئیمتثال= فەرمانبەری.
ئینقیاد= سەرسپێراوی.
ئینزال= هاتنە خوارەوە.
ئینس= مرۆڤ.

## پیتی (بێ)

بازهەم= دیسان.
باطینی= ناوەكی، هەناوی.
باعدادهم الله اعلم= ژمارەیان خوا دەیزانێ
باهرە= درەخشان
بریا= برا.(شتێ ببڕێ).
بردگە= بردوویە.
بووگن= بوون.
بووگە= بووە.
بولەغا= ڕەوانبێژان.
بولەند= بەرز، بڵند.
بوێ= ببێ.
بەحث= باس.
بەحەسەب= بەپێی.
بەرزان= بەرزاییەكان.

بەستگە= بەستووە.
بەسط= پەرە.
بەسیط= ئاسان.
بەشكو= بەڵكو.
بەصەر= چاو.
بەعث= زیندوو بوونەوە.
بەعزێ= هەندێ.
بەقا= ڕەوتی مانەوە.
بەوتەور= بەوشێوە.
بەور= بەفر.
بیت الله= ماڵی خوا، كەعبە.
بێچوون= بێ وێنە.
بێژی= بڵێ ی.
بێژین= بڵێین.
بیعثەت= هەناردن.

بینا لەوە= لەسەر ئەوە.

بین النفختین= لە نێوان هەردوو شەیپورەکەدا بۆ مردن و زیندوو کردنەوەی تەواوی خەڵك.

بینش= توانایی ڕوانین و وردبوونەوە.

## پیتی ( پێ )

پەس= بەرەودوا، پاش.

پەیغام= پەیام.

## پیتی ( تێ )

تاب= تاقەت.

تابیع= سەربە.

تریج= تریش.

تەئثیر= کارتێکردن.

تەئویل= واتا لێکدانەوە.

تەئشیر= ئاماژە پێکردن.

تەبلیغ= ڕاگەیاندن.

تەحریف= ئاوەژووکردن.

تەحصیل= بەرهەم، خوێندن.

تەحلیل= شیکردنەوە.

تەحریم= حەرام کردن.

تەرز= شێوە.

تەردید= گومان بردن.

تەرکیب= پێکهاتە.

تەریك= کەنارکەوتوو.

تەسبیح= سبحان الله کردن.

تەسمیە= ناونان.

تەشکیك= گومانبردن.

تەصدیق= پەسەند کردن.

تەصەڕوف= ڕەوتی دەست بەسەردا گرتن.

تەعەللوق= بەستەگی، پێوەندی.

تەعین= دیاری کردن.

تەغلیب= زاڵکردن.

تەغیر= گۆڕان.

تەفاوت= جیاوازی

تەفصیل= درێژەدان.
تەفویض= پێدان، ڕەوتی پێ سپاردن.
تەقدیر= چارەنووس.
تەقریر= گوتنەوە.
تەقلید= لاسایی کردنەوە.
تەکذیب= بەدرۆ خستنەوە.
تەکلیف= داوا لێکردن.
تەکلیم= قسە کردن، دوان
تەکوین= بەدی هاتن، سەرهەڵدان.
تەلەفوظ= گۆ کردن.
تەلەققی= ڕەوتی هەڵسەنگاندن.
تەمثیل= نواندن.
تەنزیل= دابەزین.
تەنزیە= خاوێنی.
تەواتر= پشتاوپشت هاتوو.
تەوجیە= ئاراستە.
تەوقیف= وەستان، ڕاگرتن.
تەوە سسوط= واسیتە کردن.
تەهدید= هەڕەشە.
تەهلیل= لااله الا الله گوتن.
تێرین= دەیهێنین.
تیلاوت= خوێندنەوە بەجوانی.

## پیتی (ثی)

ثابت= جێگیر.
ثبوت= سەلماندن.
ثەواب= پاداشت، خەڵات.

## پیتی (جیم و چ)

جائیز= ڕەوا.
جوۆ - بەشێك.
جەحیم= ئاگری کڵپەدار.
جەزم= نەگۆڕ.
جەلال= شکۆ.
جەلی= دیار و ئاشکرا.
جەمال= جوانی.
جەمیع= هەموو.
جەواز= لێبوردن، ڕێ پێدان.
جەوهەر= کاکڵە، گەوهەر.

جەهالەت= نەزانین.

جین= جنۆکە.

جیسمانی= لاشەیی.

جیهەت= لا، ڕوو.

جیمادات= بێگیانەکان وەکو بەرد، خۆڵ... هتد.

چووگە= ڕۆشتووە.

## پیتی (حێ)

حادث= بەدیهاتوو.

حەلل= چارەسەر.

حوسن= جوانی.

حەمەلە= هەڵگرتن.

حولوول= خزانە لەشەوە.

حەمیم= ئاگری بەجۆش.

حەدد= ڕادە.

حەوادیث= ڕووداوەکان.

حەدیث= فەرمووده.

حەیات= ژیان.

حەرف= قسە.

حەیاتیچ= ژیانیش.

حەرەج= قەدەغە کردن.

حەیز= شوێن، جێگە.

حەسەنات= چاکەکاری.

حەیثیەت= ئابروو.

حەکیم= دانا.

## پیتی (خێ)

خاریجی= دەرەکی، جگەلەوە.

خۆلاصە= بە کورتی.

خاس= باش، چاك.

خولف= خوو.

خاشع= گەردن کەچ.

خەبیر= شارەزا.

خالق= بەدیهێنەر، خودا.

خەرقی عادەت= شتی لە عادەت بەدەر.

خواهیش= خواستن.

خەشیە= ترس و هەراس.

خوذلان= سووکی، داماوی.

خەفی= شاراوە.
خەلق= دروستکردن.
خەلەل= خراپە و جیاوازی.
خەواص= کەسانی تایبەت.
خەوف= ترس.
خیر النبیین= باشترینی پێغەمبەران– محەمەد پێغەمبەر.
خەیلیٚ= زۆر.

## پیتی (دال)

داخلی= ناوەوە.
داگە= داوە.
دالل= نیشاندەر.
دانریاویٚ= دانرابیٚ.
دویٚ= دوێنیٚ.
دەخل= دەخلٚ، داهات.
دەردەم= هەر ئێستە.
دەفع= لابردن.
دەلیل= ڕێنوێن.
دەویٚ= دەبیٚ.
دەوێژن= دەڵێن.
دەیواتۆ= دەیباتەوە.
دەیشنەویٚ= دەیبیسیٚ.
دەیوینیٚ= دەیبینیٚ.
دێژن= دەڵێن.
دیگیە= دیویەتی.

## پیتی (ڕیٚ)

ڕاستگویی داشتن= ڕاستگۆیی هەبوون.
ڕاکع= چەماوە، چەمینەوە لە نوێژدا.
ڕوئیەت= دیتن.
ڕوتبە= پلەوپایە.
ڕەببو لعالەم= پەروەردگاری جیهان.
ڕەزائیل= گەنگە، خراپ.
ڕەیب= گومان.
ریاضەت= نەفس تۆراندن لە چێژی دنیا.

ریجز= ناپەسەند.

ڕیزوان= بەهەشت.

ریعایە= چاودێری کردن.

## پیتی (زال)

زاووزوو= زاوزێ، زیاد بوون.

زومرە= دەستەو تاقم.

زەبانی= ئاگر خۆشکەر

زەوال= ئاوا بوون.

زیرۆح= گیاندار.

## پیتی (سین)

سائیر= هەموو، سەراپا.

ساجدان= ئەوانەی کڕنووش دەبەن.

سجوود= کڕنووش بردن.

سکووت= بێدەنگی.

سلبیە= نەرێنی.

سمعت کلام اللە= وتەی خوام بیست.

سە= سێ.

سەقەر= دۆزەخ.

سەلب= کارو ڕەوشتی بێبەش کردن.

سەلەف= پێشینان.

سەماوات= ئاسمانەکان.

سەمع= بیستن.

سەهم= پشك.

سەهو= هەڵە.

سیاق= شوێنکەوتن.

سید الانام= مەبەست پێغەمبەرە(محەمەد).

سیلبی سەبەق= ڕێڕەوی ئەوانەی پێشوو.

سیلبی لحووقی عەدەم= ڕێڕەوی پەیوەست بە نەبوونەوە.

سیماح= لێبوردن.

سیوا= جگە.

## پیتی (شین)

شامیل= گشتگیر.
شروور= شەڕانی.
شنەفتن= بیستن.
شوبهەت= دڵاو دڵی.
شهوود= دیاردەر، بەرچاو.
شەئن= شان و شکۆ.
شەجاعەت= ئازایەتی.
شەرایع= شەریعەتەکان.
شەرط= مەرج.
شەریف= شەرافەتمەند.
شەطـەط= لە وزە دەرچوو.
شەیاتین= شەیتانەکان.
شیرك= هاوڕێ بۆ خوا دانان.

## پیتی (صاد و ضاد)

صبحەینێ= بەیانی، سبەینێ.
صحووف= پەیامەکانی خودا بۆ ئیبراهیم پێغەمبەر.
صوحب= هاوڕێ یەتی کردن.
صولەحا= پیاوچاکان.
صەریح= ڕێك گوتن.
صیدق= ڕاستگۆیی.
ضە بط= ڕێك کردن.

## پیتی (طا)

طاعە ت= خواپەرستی.
طاعە ت گوزاران= ئەوانەی بە خوا پەرستی کات بەسەر دەبەن.
طوولانی= دوور و درێژ.
طە رەف= لایەن.
طە عن= تانە، تەشەر.
طە لەب= خواست.

## پیتی ( ظاد )

ظاهیر= ئاشکرا.
ظەریف= جوان و لەبار.
ظهوور= دەرکەوتن.

## پیتی ( عەین )

عاریف= زانا بەزانستی خودایی.
عاصییان= لادەران.
علی مراد الله= لەسەر خواستی خوا.
عند اهل الحق= لای حەق پەرستان.
عند ربی لاصباح لامسە = لای خوام نەبەیانی هەیە نەئێوارە.
عورف= داب و نەریت.
عوضو= ئەندام.
عوقبا= کۆتایی.
عوقدە= گرێ.
عەجز= لێنەهاتوویی.
عەجەب= سەیر.
عەدەد= ژمارە.
عەدل= داد.
عەدەم= لەناو چوون.
عەذاب= ئازار.
عەرش= ئەو شوێنەی خودای لێیە.
عەرەض= خستنە ڕوو.
عەریی= ڕووت و قووت.
عەزل= دابڕان.
عەظیم= هێژا.
عەقیدە= باوەڕ.
عەلەم= ئالا.
عەلیم= زانا.
عەمەل= کردەوە.
عەین= چاو.
عیتاب= سەرزەنشت.
عیقاب= تۆڵە، سزا.
عیلم = زانست.
عینادی= سەرەڕۆیی.
عیللەت= هۆ.
عیوەض= لەباتی.

## پیتی (غەین)

غایەت= سنوور، ڕادە.
غوفران= لێبوردن.
غەرەض= مەبەستێکی تایبەتی.
غەفڵەت= لەبیر چوونەوە.
غەلەبە= زاڵبوون.
غەلەط= هەڵە.
غەیریچ= جگە لەویش.
غەیری ذات= جگە لە خود.

## پیتی (فا)

فاعیل= بکەر.
فروستادە= ڕەوانە کراو.
فروعات= لقەکان، بەشەکان.
فوصەحا= ڕەوان بێژەکان.
فەحشە = خراپەکاری.
فەرد= تاك.
فەرمووگیە= فەرموویەتی.
فەضل= بەرەکەت.
فەیض= فەڕ و پیت.
فیرقە= تیپ.
فیعل= کردار.

## پیتی (قاف)

قائیم بە ذات= پشت ئەستوور بەخۆ.
قادر= بەتوانا.
قوبح= بێزراو.
قودرەت= توانا.
قەبض= کاری گرتن، بەندن.
قەلب= دڵ، جەرگە.
قەول= وتە.
قەویم= ڕاست، مافپەرست.
قەهر= غەزەب.
قەید= تۆمار.

قیام= هەستان. فیدەم= پێشینە.

## پیتی (کاف)

کائینات= هەموو بوونەوەر.
کردنیچ= کردنیش.
کریا= کرا.
کریاوێ= کرابێ.
کولل= هەموو.
کل فی وقتە= هەمووشتێ لەکاتی خۆیدا.
کالعفو و الانتقام= وەك لێبوردن و تۆڵە سەندنەوە.
کوتوب= کتێبەکان.
کونهی ذات= جەوهەری خود.
کەثیر= زۆر.
کەڕروبین= نزیکەکان.
کەشف= دۆزینەوە.
کەلام= قسە.
کەلیمە= وشە.
کەمال= تەواو و بێ کەمایەسی.
کەیفیات= چۆنیەتیەکان.
کەیفییەت= چۆنیەتی.
کرام= پایەبەرز و ڕێزدار.

## پیتی (گاف)

گرویدن= بڕواهێنان، هۆگر بوون.
گەیشتگە= گەشتووە.

MAWLAWI.KRD

## پیتی (لام)

لاحیق= دوایی.
لاکین= بەڵام.
لایق= شایان.
لایەزال= بەردەوام.
لوغەت= واژە.
لەطیف= ناسك.
لەفظ= پەیڤ.
لەوازمات= پێداویستیەکان.
لەوانیچ= لەوانیش.
لەوێ و دوایچ= لەوەودوایش.

## پیتی (میم)

ماباقی= ئەوەی مایەوە.
مابەین= نێوان.
ماروت= لەگەڵ هارووتدا دوو فریشتەی هەڵواسراوی ناوچاڵی بابلن چیرۆکەکەیان لە قورئاندا هەیە.
ماسیوا= غەیرە.
ماضی= ڕابردوو.
مالك الملك= خاوەن موڵك.
ماندەگی= ماندوویێتی، مانەوە.
مانیع= لەمپەر.
مواضیع= بابەتەکان.
موافیق= قایل، تەبا.
موئمین= باوەڕدار.
موئمنین= باوەڕداران.
موبەشیر= موژدەدەر.
موبەینی= دیاری.
موتتەصیف= وەسپ کراو.
موتەعەدید= چەندین، چەندان.
موتەعەللیق= پابەند.
موتەناهی= خاوەن ئاخر و ئۆخر.
موثبیتی= دامەزراوی.
موجازات= سزا.
موحکی= گێڕەرەوە.
موحەققەق= جێگیر، چەسپاو.
موحەقیقان= لێکۆڵەران.
موخالەفە= سەرپێچی.
موختار= هەڵبژاردە.
موخەصصەصات= دەرماڵە.
موخەصیصە= تایبەتی.
موددە= ماوە.

موراديف= هاوتا.

موراقیب= چاودێر.

موستەثنا= هەڵاوێژراو.

موستەقبەل= پاشەڕۆژ.

موسەمما= ناونراو.

موشابەهەت= لەیەك چوون.

موصلات= هۆی گەیاندن.

موطلە ق= ڕەها.

موطیعان= پەیڕەوکاران.

موعارەضە= بەرگری، نەیاری.

موفەصصەلات= درێژە پێدراوەکان.

موفید= بەسوود.

موقابەلە= هەڤپەیڤین.

موقتەضا=پێویستە، چارنیە.

موقەڕڕە بوون= نزیکەکان.

موقەییەد= پێوەنددار.

موکتەسەب= کەسپکراو.

موکەللەف= ڕوو لێنراو، پێ سپێراو.

موەککیل= ئەوەی بریکاری هەبێ.

مولحەق= هاوپێچ، زیادە.

موماثەلە= هاوشێوەیی.

مومتەنیع= بەرخۆگر.

مومکین= دەبێ.

مومکینات= ئەو کارانەی بۆیان هەیە بکرێن.

موناسەبە= بۆنە.

موناسیب= گونجاو.

مونافی= حاشالێکەر، ناتەبا.

مونتەفیە= هەڵوەشاوە.

مونکەشیف= کەشفکار.

مونکیر= فریشتەی پرسیارکەر لە گۆڕدا.

مونەززەل= دابەزیوو.

مونەززەه= پاکژ.

مونهی= حەرامکراو.

مووجید= دۆزەرەوە.

مەئالی= ئاواتەکان.

مەئخووذ= وەرگیراو.

مەبعووث= نێردراو.

مەتانەت= پشوو درێژی.

مەحالات= دەست نەداوان.

مەحصوور= گەمارۆ دراو.

مەحض= پەتی، بێخەوش.

مەحموود= سوپاسکراو.

مەحموول= هەڵگیراو.

مەخلووقات= بوونەوەرەکان.

مەخفی= شاراوە.

مەدەنی= شاری، ئەوسورەتانەی لە مەدینە هاتوونەتە خوارەوە.

مەذکوور= ناوبراو.

مەسس= دەست لێدان.

مەسکەن= جێگە.

مەسموع= بیستراو.
مەسەلەن= بۆ نموونە.
مەشیئەت= ویستن.
مەصلەحەت= بەرژەوەندی.
مەعاش= بژێوی.
مەعبوود= پەرستراو.
مەعدووم= نەبوو، نەماو.
مەعریفەت= زانیاری.
مەعصییەت= سەرپێچی، یاخی بوون.
مەفهووم= زانراو.
مەقصوود= مەبەست.
مەککی= ئەو سورەتانەی لە مەککە هاتوونەتە خوارەوە.

مەلالەت= بێزار، قارس.
مەلیح= شیرین.
مەنسووخ= باونەماو.
مەنشە = بنەڕەت.
مەنفەعەت= بەرژەوەندی، سوود.
مەوجود= بووە، دوزرایەوە.
مەورید= سەرچاوە.
مەوسوم= ناونراو.
مەوصووف= پەسن کراو.
مەوهیبەت= بەخشش، خەڵات.
میعاد= کاتی تایبەتی.
میعراج= شوێنێکە لە ئاسماندا.
مێنگ= مێ، پێچەوانەی نێر.

## پیتی (نوون)

نارَ= ئاگر.
ناوردگە= نەهێناوە.
ناوێ= نابێ.
نایرنە= ناهێننە.
نبووەت= پێغەمبەرایەتی.
نریاگە= نراوە.
نصوص= دەقەکان.
نەباتات= ڕوەکەکان.
نەبووگە= نەبووە.

نەثر= پەخشان.
نەداوێ= نەدابێت.
نەسخ= سڕینەوە.
نەسەقچی= ڕێکخەر.
نەصب= دامەزراندن، دروستکردن.
نەظم= هۆنراوە.
نەظیر= هاوتا.
نەعیم= خۆشگوزەرانی.
نەفع= سوود.

نەقص= کورتی.
نەکردگە= نەکردووە.
نەگەیگە= نەگەشتووە.
نەماگە= نەماوە.
نەویٚ= نەبێت.

نەهی= پرینگانەوە، نەهێلاٚن.
نیزاع= کێشە.
نیقمەت= پاداشت دانەوە بەسزا.
نیهایەت. کۆتایی.

## پیتی (واو)

واتێدا= تێیدایە.
واجب الوجود= پێویستی بوون.
واجد= دۆزەرەوە.
واحید= تاقانە.
واسیطە= هۆ، ڕوولێنەر.
وتگیانە= وتوویانە.
وقوع= کەوتن، گلاندن.
وەجە= شێوە.
وەحدانیەت= تەنیایی
وەحشەت= ترس.
ورود= هاتن.

وەسەیەك= وەك یەك وایە.
وەعید= هەڕەشە.
وەعدیچیدا= بەلێنیشی دا.
وەقایع= ڕووداوەکان.
وەلەد= فەرزەند، مندالٚ.
وەلی= خواناسی پایەبەرز.
وەهم= ترس و دلەڕاوکیٚ.
ویسعەت= بەربلاٚویس.
ویفق= بەپێی.
ویلایەت=ولاٚت.

## پیتی (یا)

یەد= دەست.
یەقین= بێگومانی

MAWLAWI.KRD

ژمارەی سپاردن
١٦٨٩